دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤٧، پێنجشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٤ی ئاوریلی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

- پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە
- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستخۆشی لە خەڵکی کوردستان کرد
- پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان پەیمان نوێ دەکاتەوە

کوردستان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمان نوێ دەکاتەوە



٤

ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات بە ...



٥

ڕۆژێک کە دەستی تاوان...



٦

سەمای ئازادی لە گۆڕەپانی نەورۆزدا



١٠

# شاخ و شار پەیمانیان نوێ کردەوە



سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و هەروەها بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە لە برگەی یەکەمدا بە ڕێژەی نیزامیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرە و گڵکۆی شەهیدان دەستی پێکرد و لە سەر مەزاری نەمرانی گەل سروودی "ئەی شەهیدان" لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە.

دواتر مستەفا هیجری، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات هاوڕێ لەگەڵ خاتوو بەهار ڕۆستەمی، هاوسەری شەهید مێهدی تەوریوەری و خاتوو کەنیز مێهفەر، هاوسەری شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادەوە، تاجەگوڵینەیەک لە سەر مەزاری شەهید سەید سەلام عەزیزی دانرا.

پاشان پێشانگای وێنەی شەهیدان لە لایەن بەڕێزان "مستەفا هیجری"، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات و عەلی غەفووری برای شەهید و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات بە ڕووی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرایەوە.

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی خاکەلێوە، ڕێوڕەسمێک بەم بۆنەوە، بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە بنکەی جێژنیکانی حیزب بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە، سەرەتا بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

دواتر پەیامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، لە لایەن "کەریم پەرویزی" ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزب پێشکەش کرا.

ناوبراو لە وتەکانیدا وێڕای ئاماژەکردن بە پێویستیی یادکردنەوەی ١٠ی خاکەلێوە، باسێکی تێروتەسەلی لە پێگەی بەرزی پێشەوا قازی موحەممەد، تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی کۆماری کوردستان و بەتایبەتی خسڵەتەکانی وەک ئازایەتی و بوێری و داهێنەربوون و لەخۆمایەدانانی پێشەوا، بۆ بەشداربووان هێنایە بەرباس و وتی: ڕێبازی شەهیدان ڕێبازێک نییە بۆ مەرگدۆستی بەڵکوو ڕێبازێکە بۆ ئازادژیان و نەوە بە دوای نەوە بە دوایەوە دەبین.

نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بریتی بوو لە کۆمەڵێک شێعر و سروود و پەیامی تایبەت بەم ڕۆژە کە کەشێکی تایبەتیان بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی.

لەلایەکی دیکەشەوە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان پەیامێکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە: ئەمڕۆ ڕۆژی ڕێزگرتن لە گیان فیداکردنێکە کە لە هەناوی خۆیدا بەرزترین ماناکانی ژیان و چۆنیەتی ژیانی، وەك نەرتێکی بەرزی مرۆیی، بۆ بە میرات بەجێهێشتووین. کاتێك حەفتاو سێ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، دامەزرانی کۆماری کوردستان وەك یەکێك لە پڕ شانازیترین ئەزموونە سیاسییەکانی مێژووی کورد پێی نایە ناو گۆڕەپانی سیاسی و چێژی ئازادژیان و سەروەری، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ، بە تاکی کورد بەخشی، وەك گەورەترین ململانێ بۆ دەسەڵاتبەدەستانی دیکتاتۆری پاشایەتی خۆی نواند. هەربۆیە دیکتاتۆر هەموو هێز و وزەی خۆی خستە کار و بەسەرنجدان لە هەلومەرجێکی سیاسی نێودەوڵەتی کە لە ئارادا بوو، توانی دوای یازدە مانگ، ئەو کۆمارە پڕ لە شانازی و سەروەرییە لە نێو بەرێت. ئەوان بە خەونی ئەوەی کە هەموو تۆڕەمەکانی کۆمار و هزری ئازادیخوازی، لە مێشکی تاکی کورد لە نیو بەرن، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا، دوای دادگاییەکی گاڵتەجاڕانە، پێشەوای مەزن و سەرکۆماری کوردستان و دوو لە هەڤاڵەکانی، سەیفی قازی و سەدری قازییان لە سێدارە دا.

لە بەشێکی دیکەی ئەم پەیامەدا هاتووە: "ڕاسان وەك پڕۆژەیەکی هەمەلایەنی عەقڵانی و ئەخلاقی و سیاسی، بە سەرنجدان لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ڕۆڵی هێز لە وەبەرچاوگرتنی خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤەکان، بە فیداکاری پێشمەرگە قارەمانەکان و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك، تا ڕادەیەکی زۆر باش توانیویەتی لە بەرجەستەکردنی هێزی مرۆیی و پۆتانسیەلی شۆڕشگێڕی خۆرهەڵاتی کوردستان، کاریگەری دابنێ و، ببێتە گوتارێکی زاڵ لە پانتایی خەباتی سیاسی و مەدەنی تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەم گوتارە و ئەکتەرەکانی، ئێستا ئیدی ڕۆڵی هێزی بزوێنەر بۆ دروستکردنی مێژوویەکی نوێ دەگێڕن. لە ڕاستیدا پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین، کە ڕاسان تەنیا پڕۆژەیەك نییە بۆ دەرچوون لەژێر زوڵم و زۆری دەسەڵاتی دیکتاتۆر و گەیشتن بە ڕزگاری، بەڵکوو گوتارێکە کە لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی نوێ بۆ سیاسەت و بەشداری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە بزووتنەوەدا، هەم بەردی بناغەی سەرکەوتنێکی پایەدار دەستەبەر دەکا و هەم زەمینەی بونیاتنانی دێمۆکراسییەکی جێگیر و ڕاستەقینە دەڕەخسێنێ".

هەروەها ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دووتوێی پەیامێکدا وێڕای یادکردنەوەی ١٠ی خاکەلیوە ڕایگەیاندووە: "ئێستا پاش تێپەڕبونی زیاتر حەوت دەیە بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانیدا، دەبینین بزووتنەوەی کورد بۆتە فاکتەرێکی بە هێزی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا. بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بە باشترین و بەرزترین شێوە خۆی نیشاندەدا. ئەورۆ کۆمەڵگای کوردستان گۆڕاوە و بۆتە کۆمەڵگایەکی فرە چەشن و پێشکەوتوو و پلۆڕاڵ و فرەحیزب. بەڵام هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتیمانی و دێموکراتیک و ئازادیخوازەکانی کوردستان سەرەڕای جیاوازی سیاسیی نێوانیان ڕێز لە کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی دەگرن. ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە پێشەوا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، نەک هەر موڵکی حیزبێکی دیاری کراوین، بەڵکوو هێمای هاوبەشی کولتوری سیاسیی و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبە خەباتگێڕەکانی سەرگۆڕەپانی خەباتن لە کوردستان .پێشەوا قازی چ لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و چ لەوەسیەتنامەکەیدا وەک ڕێبەرێکی میللی و دڵسۆزو شارەزا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە خەباتکارانی گەلی کورد پێویستە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا پتە و یەکگرتوو و هاودەنگ بن و لە نێوخۆشیاندا و لە بەرامبەر یەکتردا لەسەریانە نەرم و دووربین وسینگ فراوان و بە تەحەممول بن".

هەر لەم پێوەندییەدا و لە ڕۆژانی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەکانی شار هەر کام بەشێوازی جۆراوجۆری وەک ناردنی پەیام و ئەنجامدانی چالاکی تەبلیغی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستا و سەردانی بنەماڵەی شەهیدان و چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت و پەیمانیان لەگەڵ هەموو شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.

## پەیڤ

### دوژمنی دەرەکی، نێعمەتی ئیلاهی

**کەریم پەرویزی**

بۆ حکومەتە سەرتاپا گەندەڵکارەکانی وەکوو ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی، دوژمنی دەرەکی وەکوو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕێژیم دەتوانێ هۆکارێک بۆ مانەوەی خۆی و شاردنەوەی گەندکارییەکانی بیدۆزێتەوە.

لەو کاتەدا کە لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، خومەینی ڕایگەیاند شەڕ نێعمەتێکی ئیلاهیە، هەندێ کەس پێیان وابوو کە ئەم ڕێژیمە لەوپەڕی بڕوا بە دونیای دیکەدا خەریکی بڵاوکردنەوەی مەرگدۆستییە و بەناوی بەهەشتەوە خەریکە لاوان بە لاڕێدا دەبا! بەڵام مانای ڕاستەقینەی ئەو ڕستەیەی خومەینی لە شوێنی دیکە بوو.

ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی، ڕێژیمێکە کە لە قەیراندا دەژی و بە قەیران و ئاژاوەگێڕی گەشە دەکا و هەرچی زیاتر لە ناوچەدا ئاگر بکەوێتەوە، ڕێژیم زێدەتر دەتوانێ بە دەستێوەردان و خۆتێخزاندن، پەرە بە بیری شەڕئەنگێزیی بدا.

لە لایەکی دیکەوە، ڕێژیمی دیکتاتۆریی وەکوو ویلایەتی فەقیهی، لەبەر گەندەڵی و تاڵانی لەرادەبەدەری بەرپرسانی، ناتوانێ سامانی وڵات بۆ ئاسوودەیی ژیانی خەڵک تەرخان بکا و ئابووریی وڵات بەرەو دارمانی یەکجاری دەبا.

هەر لەو کاتەدا، ئەم جۆرە ڕێژیمانە پێویستیان بەوەیە کە ترسێکی دایمی بخەنە نێو دڵی خەڵکەوە کە دوژمنان و نەیارانی ئێران و ئێرانییەکان ئەوە لە پیلاندان کە ئێران لەتوپەت بکەن و ماڵ و حاڵی خەڵک وێران بکەن! هەر وەک ڕێژیمی پاشایەتی دەیگوت کە بە نەمانی پاشا، ئێران دەبێتە ئێرانستان! ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیش دەڵێ بە نەمانی ئەم ڕێژیمە، ئێران دەبێ بە هەزار تیکە!

لە وەها دۆخێکدا و لەبەر ئەم هۆکارانە، ڕێژیمی سەرەڕۆ و گەندەڵی ویلایەتی فەقیهی پێویستی بەوە هەیە کە دوژمنێکی دەرەکیی هەبێ و گەر دوژمنیش نەبێ، دوژمن دادەتاشێ تاکوو پێداوێستییەکانی پێ دابین بکا!

لە تازەترین نموونەدا، ڕێژیمی دەستەوەستان و تاڵانکەری ئێران، لەبەرامبەر لافاودا دۆشداماوە و هیچی پێ ناکرێ و بۆ شاردنەوەی هەموو کەمتەرخەمی و نەزانکاری و گەندەڵییەکانی، بیانوو بە ئامریکا دەگرێ کە گەمارۆکانی ئامریکا ناهێڵێ فریای لافاولێدراوان و لێقەوماوان بکەون! ئیدیعا دەکەن کە گەمارۆکانی ئامریکا بێبایەخن و بەئاسانی دەتوانن دەوریان بدەنەوە، بەڵام لەم کاتەدا دەڵێن لەبەر گەمارۆ ناتوانن کەسێکی لافاوبردوو دەرباز بکەن!

ئەوەی ڕاستیی پرسەکەیە، ڕێژیمی ئێران لەبەر گەندەڵی و پەرەدان بە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران به بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆک کۆماری کوردستان وسەدری قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازییە. ٧٢ ساڵ لەوەپێش لەڕۆژێکی وەک ئەمرۆدا، پێشەوا قازی محەمەد، یەکەم سەرکۆماری دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە چوارچرای شاری مەهاباد، لەلایەن رژیمی پاشایەتییەوە لەسێدارە دران. چەند ڕۆژ دواتریش ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەرانی سوپای میللی کوردستان و کاربەدەستانی دیکەی حکومەتی کۆماری کوردستان لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان لەسێدارە دران.

بەوجۆرە ڕێژیمی حەمەرەزاشا، دوای ئەوەی کە لەئاکامی گەلەکۆمەکیەکی نێونەتەوەیی دا، توانیبووی کۆماری کوردستان لەنێوبا، بەمەبەستی سەرکوتکردنی جوڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، شەپۆلێکی بەرینی ئیعدام و کوشتن و گرتن و ڕاونان و زەبروزەنگی لە کوردستاندا دەست پێکرد. کاربەدەستانی دەوڵەتی تاران پێیان وابوو بەو کارە دەتوانن بیری ئازدیخوازی لەنێو خەڵکی کوردستاندا بۆ هەمیشە لە نێوبەرن. بەڵام هەروەک پێشەوا لەکاتی لە سێدارەدانیدا ڕوو بە داگیرکەران ڕایگەیاند:"بەکوشتنی من بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی لە کوردستاندا نەک هەر لە بەین ناچێ، بەڵکو لە داهاتوودا بەهێزتریش دەبێ " ڕووداوەکانی دواتر ڕەوایی ئەو ووتە حەکیمانەی پێشەوایان سەلماند کە گەلی کورد نەک هەر دەستی لە خەبات و بەرخۆدان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەڵنەگرت، بەڵکو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بوون بە ئیلهام بەخشی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی کورد لە سەرتاسەی ناوچەکەدا. تەنانەت ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەش کە کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری بە حەقی ڕێژیمی شا، لەماوەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا بە دژی گەلی کورد بەکاری هێناوە، بە خەباتی یەکگرتوانەی سیاسی و مەدەنی خەڵکی کوردستان وڵامی توندی پێ دراوەتەوە. ئەوەتا ئەمرۆ لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەبات بۆ ڕزگاریی بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

ئێستا پاش تێپەڕبونی زیاتر حەوت دەیە بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانیدا، دەبینین بزووتنەوەی کورد بۆتە فاکتەرێکی بە هێزی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا. بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بە باشترین و بەرزترین شێوە خۆی نیشاندەدا. ئەورۆ کۆمەڵگای کوردستان گۆڕاوە و بۆتە کۆمەلگایەکی فرە چەشن و پێشکەوتوو و پلۆراڵ و فرەحیزب. بەڵام هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتیمانی و دێموکراتیک و ئازادیخوازەکانی کوردستان سەرەڕای جیاوازی سیاسیی نێوانیان ڕێز لە کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی دەگرن. ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە پێشەوا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، نەک هەر موڵکی حیزبێکی دیاری کراونین، بەڵکوو هێمای هاوبەشی کولتوری سیاسیی و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبە خەباتگێرەکانی سەرگۆڕەپانی خەباتن لە کوردستان .

پێشەوا قازی چ لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و چ لەوەسیەتنامەکەیدا وەک ڕێبەرێکی میللی و دڵسۆزو شارەزا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە خەباتکارانی گەلی کورد پێویستە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا پتە و یەکگرتوو و هاودەنگ بن و لە نێوخۆشیاندا و لە بەرامبەر یەکتردا لەسەریانە نەرم و دووربین وسینگ فراوان و بە تەحەممول بن.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پێناو بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستاندا، پێکەوە پێ لەسەر هاوکاری و هاودەنگی و هاوخەباتی لە گەڵ یەکتر دادەگرینەوە. پەیمان لەگەڵ گیانی پێشەوا و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری خەڵکی کوردستان نوێ دەکەینەوە کە ئاڵای خەباتی ئەوان تا سەرکەوتن بەرز و شەکاوە ڕادەگرین.

**سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و ڕزگاریی!**

**سلاو لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان !**

**سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان !**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستخۆشی لە خەڵکی کوردستان کرد



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا بە بۆنەی بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لە کوردستان سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کرد.

دەقی پەیامەکە:

پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەڕێوەچونی پڕشکۆی ئاهەنگەکانی نەورۆز
خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردستان

هەر وەک لای هەمووان ئاشکرایە نەورۆز نوێبوونەوەی ساڵ و کۆتایی هاتن بە وەرزی سەرما و سەخڵەتە و دەستپێکی ژیانێکی نوێیە بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران و دار و کەژ و چیا ، بەڵام بۆ ئیمەی کوردستانیان نەورۆز هێمای ڕۆژی هەستانەوەیە و ڕۆژی سەرکەوتنی خۆری ئازادییە بەسەر بەستەڵەکی ژێر دەستەیی و زۆرداریدا.

لە کوردستانی ژێر دەستی ئیستبدادی کۆماری ئیسلامی ئەمساڵیش نەورۆز بوو بە هەوینی تەبایی و برایەتی نەتەوەیی، خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاوە و بێ لەبەرچاوگرتنی ناوچە و بیر و باوەر و ئائین و مەزهەبیی جیاواز بە پیر بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانەوە هاتن و نیشانیان دا کە خەڵکی کوردستان وحیزبەکان لێک جیا نین. وەک لە شەش مانگی رابردووشدا خەڵکی کوردستان دوو جار (٢١ی خەرمانان ١٣٩٧و ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ١٣٩٨) سەلماندیان کە سیاسەتی کوشتن و ئیعدام وزیندانی کردن لە ماوەی چل ساڵی رابردوو دا کە لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بەرێوەچوون ، نەیتوانیووە بە سەر ئیرادەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵ بێ و خەڵک و حیزبەکان لە یەکتر داببرێ.

خەڵکی بە ئیرادە و ماندوونەناسی کوردستان

لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا لە شار و دێهات، لە شەقام و کۆڵان و شاخ و مەزرا سەلماندتان کە چ هێزێکی بەرین و چ شەوقێکی گەورە بۆ ڕزگاریی نیشتمان لە ناختاندا بوونی هەیە. ئێوە یەکگرتوانە سەمای ئازادیتان نواند و بە جامانە و هەوری و گوڵی سور چاوی داگیرکەرانتان کوێر کرد. نەورۆزی ئەمساڵ هەر ئاهەنگی خۆشی و شادی نەبوو، بەڵکوو نومایشی گەورەی هێزی گەل و کوردستان بوو کە سەرەڕای هەڕەشە و زەبر و زەنگی ڕێژیم و هێنانی هێزی نیزامی بۆ شار و شەقام و سنورەکان، ئێوە توانیتان ئاهەنگی نەورۆز گەورەتر و بە پانتایی هەموو کوردستان بە شکۆوە بەڕێوە بەرن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەستخۆشی لە بوێریتان، ئەو سەرکەوتنە مەزنەتان لێ پیرۆزبایی دەکات. نیشانتان دا کە پێشەنگن لە شۆڕش و وەستانەوە بەرانبەر بە زوڵمی زاڵم. ئێوە سەلماندتان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پێشەنگە لە شێوازی خەباتی مەدەنی . ئێمەش وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بەڵێنتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە لەمساڵدا هەنگاوی گەورەتر بەرەو یەکگرتویی و یەکدەنگی هەڵبگرین.

بێگومان بە دەنگەوە هاتن و جۆش و خرۆش و ئاواتی ئێوە بۆ یەکریزی بێ وڵام ناهێڵینەوە و هەموو هەوڵەکانمان لەو بوارەدا چڕ دەکەینەوە.

**مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**سەرکەوتوو بێ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# هاوخەمیی ناوەندی هاوەکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ خەڵکی سێلاولێدراوی ئێران و کوردستان



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە نیشانەی هاوخەمیی لەگەڵ سێڵاولێدراوانی ئێران و کوردستان، داوای لە خەڵکی کوردستان دەکات، کە کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بهێنن.

هاونیشتمانییانی خۆشەویست!

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ئێوە بۆ جارێکی دیکە و لە نەورۆزێکی دیکەی کوردەواریدا بە بەڕێوەبردنی چەندین ڕێوڕەسمی پڕشکۆی پڕ لە پەیام و نێوەرۆکی نەتەوەیی و نیشتمانیی، لە ئاستێکی بەربەرینی جەماوەریدا سەلماندتان کە لە پێناو ویست و داخوازییە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خۆتان هەروا بەردەوام و شێلگیرن کە جێی سپاس و پێزانینە.

لە حاڵێکدا، ئێوە سەرەڕای بەربەست و گوشاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، سەرقاڵی بەڕێوەبردنی بەشێکی دیکە لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ بوون و بەپێی قەرار و ساغبوونەوەی پێشوەخت و پلان بۆدارێژراو، پێوەبوون لە ڕۆژانی داهاتوودا لە چەند شوێن و ناوچەی دیکەدا، ڕێوڕەسمی گەورەتر و پڕشکۆتر بەڕێوەبەرن، بەداخەوە بە هۆی کەشوهەوای بارانی و هەستانی لافاو لە چەندین شار و ناوچەی ئێران و کوردستاندا، دۆخێکی نەخوازراو و چاوەڕواننەکراو هاتە پێش، کە زەرەر و زیانێکی قورسی ماڵی و گیانیی بۆ خەڵکی وڵات و نیشتمانەکەمانی بەجێ هێشت.

بۆیە ئێمە، حیزب و لایەنەکانی ئەندام لە "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"، وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەری خۆمان و مەحکوومکردنی کەمتەرخەمیی دامودەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم دۆخەی کە بەسەر خەڵکدا هاتووە، وێڕای ڕاگەیاندنی سەرەخۆشیی خۆمان لە بنەماڵەی قوربانیان و هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری برینداران، بە دروستی دەزانین بە نیشانەی هاوخەمیی لەگەڵ خەڵکی زیاندیتوو، کۆتایی بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بهێنرێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٨**

# پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان پەیمان نوێ دەکاتەوە



بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەیمانی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان نوێ کردەوە.

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، هێزی ١٢٢ی پێشمەرگەی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بۆ ١٠ی خاکەلێوە لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە برد.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە ، بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر "محەممەد نۆباری" جێگری فەرماندەی هێزی ١٢٢ی کوردستان پەیامێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

ناوبراو لە بەشێکی پەیامەکەیدا باسی لەوە کرد: "سەدان ساڵە سروشتی کوردبوون بووەتە تابۆی سەری داگیرکەرانی کوردستان؛ خەو و خۆراکیان لە خۆیان حەرام کردووە هەتا بۆهەبوونی خۆیان بە هەر شێوازێک دەست درێژ بکەنە سەر نرخی هەر نەتەوەیەک و کاری ناڕەوا ئەنجام بدەن؛ لە ڕشتنی خوێنی هاوولاتییانی بێ دیفاعی کوردەوە بگرە هەتا دەگاتە ئێعدام و لەسێدارەدانی پێشەوا و تیرۆری ڕێبەرانی کورد. سیمای کوردکوژانەیان ئەوەندە بێداد دەکات کە بەزەییان بە کۆرپەی کورددا نایێت کە ئەوەش بووەتە میتۆدێک کە نەوە بە نەوە پێڕەوی لێ دەکەن".

پاشان "سامرەند ئەنبەری ئازەر" کادری سیاسیی هێزی ١٢٢ی پێشمەرگەی کوردستان نیگاری بێ وێنەی پێشەوای مەزنی کوردستان و یەکەم سەرکۆماری کوردستانی وەرگرت کە بەدەستی هونەرمەندی پێشمەرگە "کامیل شەریف سەفایی" کێشرابوو.

دواتر گرووپی موزیکی هێزی ١٢٢ی پێشمەرگەی کوردستان سروودێکی لەژێر ناوی "وەرن با بچینە سەر گۆڕی شەهیدان" پێشکەش کرد؛ هەروەها هەڵبەستێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە لایەن "موعین مورادی" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

لەنێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات "مانشت حەیدەری" هۆنراوەیەکی پێشکەش کرد.

ڕێوڕەسمەکە بە پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان کۆتایی پێهات.

# پۆلێکی تر لە لاوانی کوردستان پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان بوون




جێژنی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٣٥ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، دەورەی ٢٣٥ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێ هات و پۆلێکی دیکە لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و هەروەها ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان بەشداربووان دەورە، سوێندی نیشتمانییان خوارد کە هەتا سەر وەفادار بە ئارمان و ئارمانجەکانی حیزب و گەلەکەیان بمێننەوە؛ پاشان "لوقمان مێهفەر"، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وتەکان خۆی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و تێیدا وێڕای پیرۆزبایی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی ئەم دەورە وتی: " ئێوە بە کۆتاییهاتنی دەورەکەتان پێ دەنێنە قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی و ناوی بەرزی پێشمەرگەتان بە نەسیب دەبێت. ناوێک کە لە ڕوانگەی نەتەوەکەمانەوە بە قەڵای خۆڕاگری و پارێزەری ئیرادەی نەتەوە دادەنرێت. سام و هەیبەتی دلێرانەی پێشمەرگە، دوژمنی داگیرکەری بەچۆکدا هێناوە و خۆشەویستییەکی بێسنووری لە هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. ئێوە لەمڕۆ بەدواوە بەرپرسیاریەتیی زیاترتان دەکەوێتە سەرشان و لە بەرامبەر نیشتمان و نەتەوەکەتاندا ئەرکدارتر دەبن".

لە درێژەی وتەکانیدا باسی لە قۆناخی نوێی خەبات ناسراو بە ڕاسان کرد و وتی: "چەند ساڵ لەمەوبەر و لەوەها نەورۆزێکدا ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان بە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ بارودۆخی ئێران و کوردستان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەو کۆتایی دەڕوات، بۆیە دەبێ وەرزێکی نوێ لە خەبات و ڕسکانەوە بۆ بەرجەستەکردنەوەی پێگەی کورد و حیزبی دێموکرات دەست پێ بکەینەوە. قۆناخی نوێمان ڕاسانی شاروشاخ بوو. لەو قۆناخەشدا سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگا توانیومانە ئیرادەی خۆڕاگری و ورەی شۆڕشگێڕانە لە بیر و هزری تاکی کورددا زیندوو بکەینەوە و ئەوەش کە ئەمڕۆ ئێوە جێژنی بەپێشمەرگەبوون دەگرن نیشانەی وڵامی شارە بۆ شاخ".

دواتر سروودێک لەژێر ناوی "ئەی دێموکرات"، لە لایەن بەشداربووانی دەورەکەوە پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، ڕاپۆرتی پەروەردەیی دەورەی ٢٣٥ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن "خەلیل گلووکانلوو" بە نوێنەرایەتی فێرگەوە خوێندرایەوە.

پاشان پەیامی دەورەی سەرەتایی، لە لایەن هاوڕێ "جەماڵ سەفەوی"یەوە پێشکەش کرا.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، بەسەر کەسانی یەکەم هەتا سێهەم لە بواری تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکان و هەروەها نەزم و دیسیپلیندا، خەڵاتگەلێک دابەش کرا.

دواتر خێزانی شەهید شەهاب حەیدەری، بە نیشانەی ڕێزگرتن لە ئەمەگداربوونی کوڕەکەی بە ڕێبازی باوکی، مێداڵیایەکی نەخشێندراو بە ناوی هاوڕێ "شەهید شەهاب"ی لە ملی کوڕەکەی ئاڵاند، کە لەم دەورەدا سەرکەوتووانە چەکی داکۆکیی لە کەرامەتی نەتەوەکەی لە شان کرد.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین شێعر و گۆرانی پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە ئەنجامدانی چەند نمایشێکی نیزامی لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە کۆتایی پێ هات.

# بەڕێوەچوونی دیبەیتی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



لە ساڵیادی شەهیدکرانی پێشەوا قازی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا، خوێندنگەی پێشەوا لە شاری کۆیە دیبەتێکی بەڕێوەبرد.

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨y هەتاوی لە یادی ٧٢ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا، بۆ ڕێزگرتن لە بیر و ئەندیشەکانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی، خوێندنگەی پێشەوا لە شاری کۆیە دیبەیتێکی بەڕێوە برد.

پاش ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، دیدارەکە بە وتەکانی مامۆستا شەهین عوسمان بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە دەستی پێکرد.

لەو دیبەیتەدا کە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، بەرپرس و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و خوێندکارانی دێموکرات و بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە حیزبی و حکومییەکانی شاری کۆیە بەشدار بوون، فواد خاکی بەیگی ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات باسێکی لەسەر ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە نێو نەتەوەی کورددا پێشکەش کرد.

ئەو ئەندامەی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکرات، وێڕای باسکردن لە کەسایەتی کاریزماتیکی پێشەوا قازی لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەوڵەکانی پێشەوا قازی لە ڕەهەندی جیاوازە وەک ناوی پێشمەرگە، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوایەتی، بە فەرمی کردنی زمانی کوردی، پێکهێنانی سوپایەکی نیشتمانی و ...بەرز نرخاند و کاریگەری هەرکام لەو بوارانەی تا بە ئەمڕۆ لە ڕەخساندنی یەکگوتاری لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان باسکرد.

دیبەیتەکە پاش پرسیار و وڵامدانەوە بە بەشداران کۆتایی پێهات.

# ترسی ڕێژیم لە تەلەفزیۆنی تیشک




ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە درێژەی هەوڵە دژبەرانەکانی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان، لە ترسی بڵاوبوونەوەی دەنگی مافخوازی گەلی کورد، پارازیت دەخاتە سەر تەلەفزیۆنی تیشک.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی هەینی ٩ی خاکەلێوە، لە شارەکانی کوردستان و بەتایبەت شاری بۆکان، پارازیت خراوەتە سەر فرێکانسی تیشک تیڤییەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ترسی بڵاوبوونەوەی دەنگ و ڕەنگی خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکاری کوردستان و هەروەها تیشکهاوێژی خەباتی خەڵکی کورد، بە شێوازی جیاواز هەوڵی کپکردنی دەنگی خەڵکی کوردستان دەدات و دانانی پارازیت لەسەر فرێکانسی تیشک تیڤیش یەک لەو هەوڵانەیە.

هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە شارەکانی کوردستان و بەتایبەت لە شاری ڕوانسەر پارازیت خرایە سەر فرێکانسی تیشک تیڤی.

## درێژەی پەیڤ

تیرۆریزم، سامانی وڵاتی بەتەواوی بەفیڕۆ داوە و ساڵانێکی دوور و درێژە کە هەموو شارسازی و سەدسازی و ئاوەدانکردنەوەیەک لە قۆرخی سوپای پاسداران و باندە مافیاییەکانی نێو ڕێژیمدایە و سەرەڕای ئەوەش هیچ ئیمکاناتێک بۆ حاڵەتی کارەساتە سرووشتییەکان تەرخان نەکراوە . لەم کاتەدا کە لافاوێکی گەورە هاتووە، وەکوو ئەوە وایە کە لێفەشڕە لەسەر هەتیو هەڵدرابێتەوە و نەزانی و بێتوانایی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بەتەواوی دەرکەوتووە و بۆ شاردنەوەی ئەو شکست و ئابڕوچوونەیان، پەنا دەبەنە بەر پاساوی بێبنەمای وەکوو ئەوەی کە ئامریکا بە تاوانبار بناسێنن!

ڕێک لە وەها دۆخێکدایە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیسەلمێنێ کە بەردەوام پێویستی بە دوژمنێک هەیە و لەم کاتەشدا خامنەیی ڕەدی دەکاتەوە کە دوژمنتراشی خراپە!

بارانێکی بەخوڕی چەند ڕۆژە کە دەتوانێ لافاوێکی گەورە دروست بکا و کارەساتی لێ بکەوێتەوە، دەیسەلمێنێ کە ئەم ڕێژیمە زۆر بێبنەما و لەرزۆکتر لەوەیە کە نیشان دەدا و تەنیا شەپۆلێکی بەلرفەی خەڵک دەتوانێ کۆشک و تەلاری تێک بڕووخێنێ.

# کوردستان
# لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانی نوێ کردەوە



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە چەندین ناوچە و شار و گوندی کوردستاندا، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە و بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدان بەڕێوە برد.

شۆڕشگێڕانی دێموکرات، لە گوندی خوراسانی سەر بە ناوچەی گەڕووس، چالاکیی تەبلیغییان، بە بۆنەی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە بەڕێوە بردووە و بەو بۆنەوە ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵداوە.

هەروەها لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان، شەوی ٥ لەسەر ٦ی خاکە لێوە، بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ، لە شوێنەکانی وەک: ڕێگای حوسێن مامە، سێڕێیای ئاتابڵاغی، سێڕێیانی قەرەگۆل، گوندی حاجیلەك، چالاکی بەڕێوەچوو کە ئەم چالاکییە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی پەیامی نەورۆزیی پێشمەرگەکانی شار و تراکت و پۆستێری تایبەت بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان؛ هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوان گۆندەکانی قەرەشڵاخ وقزڵ قۆپیش ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد.

ڕۆژی ٩ی خاکەلێوە، خاکیپۆشانی مەتەریزی شار، لە مەهاباد، بە سەردانی گڵکۆی پیرۆزی ڕێبەرانی مەزنی کورد، شەهیدان: "پێشەوا قازی محەممەد، سەیف و سەدری قازی"، پەیمان لەگەڵ ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە، نوێ دەکەنەوە و یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕادەگرن.

شەوی ٨ لەسەر ٩ی خاکەلێوەش، شۆڕشگێڕانی دێموکرات لە مەهاباد، چالاکی بەرینی تەبلیغییان بە بۆنەی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، لە چەند شوێنی شاری مەهاباد، بە نووسینی دروشمی "١٠ی خاکەلێوە ـ ڕۆژی شەهیدان ـ بەرز و پیرۆز بێ" لە سەر دیوار و پلاکارد، بەڕێوە بردووە.

ئەو شوێنانەی چالاکییان تێدا کراوە، بریتین لە: "پردی قانع"، "پردی ئیسماعیل ئاغا"، "پردی پشت بازاڕچەی نوور"، "سێڕێیانی مەهاباد-بۆکان"، "دووکانەکانی سەر سێڕێیانی مەهاباد-بۆکان".

هەر لەم پێوەندییەدا، ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا لە شاری بانە، ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی خاکەلێوە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بە بۆنەی یادکردنەوەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لەو شارەدا بەڕێوە برد و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە و هەروەها گوڵی سوور، ڕێزیان لەو ڕۆژە گرت.

ئەو شوێنانەی شاری بانە کە چالاکییان تێدا بەڕێوە چووە بریتی بوون لە: "کەمەربەندی ١و ٢"، "دەوروبەری سێڕێیانی بۆیەن"، "بلواری مەرزبانان"، "جادەی ئەحمەدئاوا"، "گەڕەکی شەقامی ئینقلاب"، "گەڕەکی ئاربابا"، "بلواری سەردەشت"، "بنی ڕەزان" و " شارەکی بەهاران".

قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەریوانی هەمیشە دێموکرات، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ـ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ـ لە شوێنەکانی وەک: "گەڕەکی لەیلاخییەکان و سەرجەم کۆڵانەکانی، تەنیشتی مزگەوت، سێڕێیانی بێهزیستی، نزیک مزگەوتی چوار یاری‌نەبی، دەوروبەری مزگەوتی هەژارە و پشت شەقامی دوکتور قاسملوو چالاکییان بەڕێوە بردووە.

لەو چالاکییانەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات بە نووسینی دروشمی وەک: "سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، شەهید نەمرە وەکوو شاخ، سڵاو لە شەهیدانی کوردستان، سڵاو لە پێشەوای کوردان، ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و شەهید باڵای بەرزە بە قەد باڵای کوردستان" پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

لە شاری مەهابادی قارەمان، ڕێبورانی ڕێگای ئازادی لە شوێنەکانی وەک: "باغی مکائیل، فەلەکەی مەنگوڕان و هوتێل کوێستان، تراکت و پۆستێری تایبەت بە ڕۆژی شەهیدان بڵاو کرایەوە.

لە شاری شنۆ، بۆ ڕێزگرتن لە ئامانجی شەهیدانی کوردستان، تێکۆشەڕانی دێموکرات، سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کردووە و گوڵی سووریان لەسەر مەزاری شەهید "عومەر دۆستی و شەهید بایزید، کوڕی حاجی حەسەنی ئاڵیاوێ" داناوە و پەیمانیان لەگەڵ ئامانجەکانیان نوێ کردووەتەوە، هەروەها لە میرئابادی شنۆ و دامداران، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بەم ڕۆژە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە تاران، قارەمانی دێموکرات بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ـ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ـ لە "حەسارەک" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و بە دروشمی وەک: "شەهید نەمرە وەکوو باوەڕی پێشمەرگە، ڕاسان بەردەوامە، شەهید ڕەمزی هەرمان و هەروەها بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستیر، یادی شەهیدانیان بەرز ڕاگرت.

لە شاری سەقزی پێشمەرگەپەروەر، پێشمەرگەکانی شار، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، بەڵێنیان داوە کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی پێشەوای سەرکۆمار درێژە بە خەبات دەدەین و لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک ناترسێین.

لە بۆکانیش پێشمەرگەکانی شار، بە شەکاندنەوەی یوبیلی حیزبی دێموکرات، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

لە پاوەی دێموکرات، بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان وێڕای پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان سروودی شۆڕشگێڕیی "هۆ کاکی پێشمەرگە"یان بڵاو کردووەتەوە.

لە شاری بۆکان، پێشمەرگەکانی شار لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا، سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کردووە و پەیامی حیزبی دێموکراتیان پێ گەیاندوون. لەو چالاکییەدا لە میراوایێ بۆکان، لە سی‌دیدا ژیاننامەی شەهیدانیان پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان کردووە. هاوکات دەستەگوڵی وەفادارییان لەسەر مەرزای شەهید "سەروان ئەفیشن" داناوە.

لە شاری نەغەدەی قارەمان، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، لە مەمەلیان و خەلیفلیان، جادەی خەلیفلیان و سێڕێیانی محەممەدیار، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە، ڕێزیان لە ڕۆژی شەهیدان گرت.

لە سنەی خوێناوی، تێکۆشەرانی دێموکرات، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و جامانە، دروشمی وەک: "شەهید ڕەمزی هەرمانە، شەهید مەشغەڵی ڕێگای تێکۆشانە و شەهید نەمرە وەکوو باوەڕی پێشمەرگە، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە. هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سنە، لە پەیامێکی دەنگیدا بڵاویان کردووەتەوە، ئێمە ئەندامان و هۆگرانی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پەیمان نوێ دەکەینەوە و پەیمان دەدەین هەتا دوایین دڵۆپی خوێنمان وفادار بە ڕێبازی شەهیدان دەبین.

لە خۆراسانی هەمیشە کوردستانەوە، لە شاری "بجنورد"، سەر بە خۆراسانی باکوور، تێکۆشەرانی دێموکرات، لە پەیامێکدا پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر، بە دانانی پۆستێری تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوە، وێنەی شەهیدانی ڕاسان و هەروەها ئاڵای کوردستان و جامانە، بۆ جارێکی دیکە پەیمانی وەفاداریی خۆیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

شەوی ٩ لەسەر ١٠ی خاکەلێوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی نییەر سەر بە شاری سنە، بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە سەر بەردی پیرزەیتوون ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەر ئەم بەردە کە لە بەرانبەر گوندەکەوە هەڵکەوتووە، پەیمانی وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

شایانی باسە شوێنی هەڵکردنی ئاڵاکە لەو شوێنانەیە کە لە نزیک پایەگای ڕێژیمی ئێرانە و بەتەواوەتی لە ژێر چاوەدێری ئەم پایەگایەدایە.

قارەمانانی دێموکرات، لە شاری مەهاباد، لە ١٠ی خاکەلێوەدا، لە چەندین شوێنی وەک: "شەقامی موکریان، شەقامی بازارچەی ئەسغەری، شەقامی تێرمیناڵی گەورە، شەقامی زانکۆی پەیامی نوور، تەپەی قازی، شەقامی مەزاری پێشەوا و هاوڕێیانی، حەوشەی نەخۆشە، شەقامی پەرستار، سێڕێیانی قەبران، سێڕێیانی بەری شیلانان و بەری مەدرەسە" بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر لەگەڵ ئامانجی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.

لە نەغەدەی دێموکرات، بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە گوندەکانی وەک: "کۆیکان، وێنسلیان، دیلانچەرخ، مەمەلیان، خەلیفەلیان، لە نێو شار "مەیدانی کاویان" لەژێر کەشێکی تەواو ئەمنییەتیدا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە چووە.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری شنۆ، بۆ ڕێزگرتن لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بە نووسینی دروشم، بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە گوندی نێی قارەمانەوە، شۆڕشگێڕانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی پۆستێری ڕێبەرانی شەهید "قازی، قاسملوو و شەرفکەندی" و هەروەها دروشمی (پەیمانی وەفاداری هەتا گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان) چالاکییان بەڕێوە برد.

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر بە دانانی پۆستێری تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوە، وێنەی شەهیدانی ڕاسان و هەروەها ئاڵای کوردستان و جامانە، بۆ جارێکی دیکە پەیمانی وەفاداریی خۆیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

لە ئاویەری سنە، قارەمانانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوە وێڕای پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، بەڵێنیان دا، کە هەتا دوایین دڵۆپی خوێن درێژە بە ڕێبازی شەهیدان دەدەن.

لە بۆکانی قارەمانەوە، چالاکییەکان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە درێژەی هەیە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری بۆکان، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی کەڵکیان لەو مەشغەڵەی شەهیدان وەرگرت کە بۆیان هەڵکردووین و پەیمانیان لەگەڵ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ کردەوە، شوێنی بەڕێوەبردنی چالاکییەکان بریتین لە: "گڵکۆی هونەرمەند حەسەن زیرەک، پارکی محەممەدییە و دەوروبەری، پشت سی میتری، خانە سازمانییەکانی سپای پاسداران، تەڕەبار، باسکۆڵی ئیلخانیزادە، بلواری ساحلی، پردی تازە و دەوری شەقامی قانع"، هەروەها لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا پێشمەرگەکانی شار بە چونە سەر گڵکۆی شەهیدان، پەیمانیان لەگەڵ نوێ کردنەوە و چوونە سەر گڵکۆی فەرماندەی دوژمن تۆقێن شەهید "کەریم ئارامش" ناسراو بە "کەریم عەلی فەرامەرز، ڕەحمان دڵارام، عومەر فەقێ ئیبراهیمی، ڕەحیم مەحمەڵزادە ، برایانی مەتین و ئاغایانی فەیزوڵڵابەگی لە گوندی دۆزخدەڕە و لە گوندی قۆڵغەتەپەش چوونە سەر مەزاری فەرماندەی نەمر شەهید "محەممەد زەنگەنە" و بە دانانی گوڵی سوور لەسەر خاکی پیرۆزیان بەڵێنی وەفادارییان دووپات کردەوە.

لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا ڕێبورانی ڕێگای ئازادی لە گوندی "زەنگیاوێ" سەر بە شاری پیرانشار، سەردانی گڵکۆی شەهید "سلێمان ڕەسووڵزادە"یان کرد. شەهید سلێمان، ١٥ی پووشپەڕی ١٣٦٩ تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە ١٢ و ١٣ی خاکەلێوە، تێکۆشەرانی دێموکرات، لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان لە چەند گوندی سەر بە شاری مەهاباد وەک: "سەرڕێگای گوندی ئوزندەرێ" و "گردەبەردان" بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە بەڕێوە بردووە و لەو چالاکییەدا ڕایانگەیاندووە: "لە هەر خۆشی و ناخۆشییەکدا شەهیدانمان لەبیر ناکەین و ڕێی شەهیدان بەر نادەین، پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا ئاخرین دڵۆپی خوێنمان درێژەدەری ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدان دەبین".

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە کۆساڵانی حەماسەخولقێنەوە، پەیمان لەگەڵ ڕێگا و ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدان و سوورخەڵاتانی کوردستان نوێ دەکەنەوە و بە چالاکیی بەرینی تەبلیغیی، لە ناوچەکانی "مەریوان و ژاوەرۆ و هەورامان" لە گوندەکانی: "شامیان، نسڵ، گۆشخانی، کەڕاوە، ڕەزاو، مازیبن، سەولاوا، دوڕۆ، ئەحمەدئاوا و خانەگا"، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت.

هەر لەو پەیوەندییەدا، چاونەترسانی دێموکرات لە بۆکان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان لە ناوچەی "چۆمی مەجیدخان"، لە گوندی "عەلیئاوا"، بەرامبەر شارەدێی "قەرەگۆل"، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و هەروەها لە "مەحموودئاوا"ی بۆکان بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شوێنە بەرزەکاندا و لەسەر ڕێگای هاتووچۆی خەڵکی ناوچەکە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان یاد کردەوە و پەیمانیان لە گەڵ ڕێگا و ڕێباز و ئامانجی شەهیدان نوێ کردەوە.

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



خەڵکی بەشەرەفی کوردستان
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان
ئۆگران و ئەویندارانی ئازادی

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨، حەفتا و سێ ساڵ بەسەر لەسێدارەدان و شەهیدکردنی یەکەمین سەرکۆماری کوردستان و هاورێیانیدا تیپەڕدەبێ. ئەمڕۆ ڕۆژی ڕێزگرتن لە گیان فیداکردنێکە کە لە هەناوی خۆیدا بەرزترین ماناکانی ژیان و چۆنیەتی ژیانی، وەك نەرتێکی بەرزی مرۆیی، بۆ بە میرات بەجێهیشتووین. کاتێك حەفتاو سێ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، دامەزرانی کۆماری کوردستان وەك یەکێك لە پڕ شانازیترین ئەزموونە سیاسییەکانی مێژووی کورد پێی نایە ناو گۆڕەپانی سیاسی و چێژی ئازادژیان و سەروەری، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ، بە تاکی کورد بەخشی، وەك گەورەترین ململانێ بۆ دەسەڵاتبەدەستانی دیکتاتۆری پاشایەتی خۆی نواند. هەربۆیە دیکتاتۆر هەموو هێز و وزەی خۆی خستە کار و بەسەرنجدان لە هەلومەرجێکی سیاسی نێودەوڵەتی کە لە ئارادا بوو، توانی دوای یازدە مانگ، ئەو کۆمارە پڕ لە شانازی و سەروەرییە لە نێو بەرێت. ئەوان بە خەونی ئەوەی کە هەموو تۆرەمەکانی کۆمار و هزری ئازادیخوازی، لە مێشکی تاکی کورد لە نیو بەرن، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا، دوای دادگاییەکی گاڵتەجاڕانە، پێشەوای مەزن و سەرکۆماری کوردستان و دوو لە هەڤاڵەکانی، سەیفی قازی و سەدری قازییان لە سێدارە دا. بەڵام غافڵ لەوەی، کە مێژووی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمان لە مێژوویەکی دوورەوە تا دەگات بە پێکهێنانی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و دواجار کۆماری کوردستان، هزرو ئەندێشەی نەتەوەخوازی و مافخوازی، ڕەگ و ریشەیان لە هەناوی خەڵکدا داکوتابوو و بۆ هەمیشە ببوونە داری بەرداری وشیاری بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان. پێشەوای مەزن، وەك کاریگەرترین کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە مێژووییە، وەك مرۆڤێکی ڕووناکبیر، نەتەوەپەروەر، بەپرستیژ، بەئەخلاق و دەرەوەست بە بەڵێن و پەیمان بەرامبەر بە خەڵکەکەی، کە دواجار لە کاروکردەوەی کۆماری کوردستاندا ڕەنگیان دابووەوە، زۆر لەوە گەورەتر بوون، کە بە مەرگێك و سڕینەوەیەکی جەستەیی، لە میشك و بیر و هزردا بسڕدرێنەوە. هەربۆیە تا هەنووکەش، پێشەوای مەزن، لە هزر و ئەندیشەماندا زیندووە.

١٠ی خاکەلێوە کە لە ڕۆژژمێر و فەرهەنگی سیاسیی ئێمەدا، بە ڕۆژی شەهیدان ناسراوە، ڕۆژێکە کە بیر لە ژیان، بیر لە کەرامەت و شکۆمەندی و پێگەی بەرزی مرۆڤ، بیر لە بەها بەرزە مرۆییەکان دەکەینەوە. ئێمە لە کاتێکدا کە ڕێز لە گیانی شەهیدانمان و ئامانجە بەرزەکانیان دەگرین، ئەوەش وەبیر خۆمان دەهێنینەوە، کە ژیان چەندە بێمانا و بێنرخ دەبوو، ئەگەر ئەوان بە حەقانییەتی بەخشینی گیانیان لە پێناوی بەها مرۆییەکان، وشیاری و مافخوازیان لە مێشکی ئێمە و نەوەکانی داهاتوودا، نەچەسپاندبا. بۆیە ئیزنم بدەن لەم ڕۆژە مەزنەدا، لە بەرامبەر هەموو ئەو وانانەی کە شەهیدەکانمان فێریان کردین، بە نوێنەرایەتی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی حیزبەکەمان و سەرجەم ئۆگرانی ئازادییەوە، سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکیان و سەری ڕێز و نەوازش لە بەرامبەر فیداکاری و باوەڕی بێدرێغ و پتەویان بە شکۆمەندیی مرۆیی دانەوێنین و بەڵێنیان لەگەڵ دووپات بکەینەوە، کە وەفادار دەبین بە باوەڕ و ڕێبازەکەیان و هەتا دوا ترۆپکی سەرکەوتن، هەدا نادەین.

خۆشەویستان

خەباتی لەمێژینەی نەتەوەکەمان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی، خەبات و ململانێیەکی سەخت لەنێوان مردن و ژیان بووە. ڕەنگە هەمیشە ئەوە بە مێشکدا هاتبێ، کە مرۆڤ لە دوانەی دژبەیەکی مەرگ و ژیاندا، ژیان هەڵدەبژێرێ و لە کۆتاییدا مەرگ شتێك نییە بێجگە لە نەمان و نەفیکردنی ژیان. بەڵام کاتێك ئەزموونی لەمێژینەی ئەم خەباتە سەختەی نەتەوەکەمان و داستانی گیانفیدایی شەهیدە سەربەرزەکانمان هەڵدەدەینەوە، تێدەگەین کە لەو شوێنەی ژیان دەبێتە ئامرازی ملکەجکردنی مرۆڤ لە بەرامبەر زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە، دەبێتە ئامرازی ترساندن بۆ پەرەپێدانی کۆیلەیی، مەرگی سەربەرزانەی سەرکردە مێژووسازە شەهیدەکانی وەك پێشەوای مەزن، چەندە مانا و مەعریفەیەکی بەرزی لەخۆ گرتووە و ژیان چەندە جوان لێیەوە دەدرەوشێتەوە. ئەمە فەلسەفەی شەهید و شەهیدبوونە، ئەمە فەلسەفە و تێڕوانینی شەهیدەکانمان و ئێمە و هەموو ئەویندارێکی ڕێگای ئازادی و ژیانی شکۆمەندانەیە، بەرامبەر بە ژیان و ئازادی و مەرگ. بۆیە لێرەوە بە شەهیدانی سەربەرزمان دەڵێین، ئاسودە بنوون، ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی تر حەقانییەتی ڕێگا و ڕێبازتان ڕوونە و گوتاری زاڵی نێو کۆمەڵگا، گوتاری ئازادیخوازی و خۆ بە خاوەنکردنی دروشم و سیمبۆل و بەهاکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییە. دواجار چەندە مایەی شانازییە، کە دەبینین ئامانجی بەرزی شەهیدان، زایەڵەی زوڵاڵی مافخوازی و ئازادیخوازی، مێشکی تاك بە تاکی کۆمەڵگەکەمانی تەنیوە و کیژان و کوڕانی دڵ پڕ لە گڕی کوردستان، کردوویانە بە هەوێنی ڕاسان و هەستانەوەیانو تێکڕا هەموو بە یەکدەنگ و یەك هەست، ڕەشبەڵەك و سەمای ئازادی پێ دەگێڕن. پێشوازی بەرین و پڕ لە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە یەکەکانی هێزی پێشمەرگە لە قووڵایی خاکی کوردستان، مانگرتنی سەرتاسەریی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان وەك ناڕەزایەتییەك بەرامبەر بە شەهیدکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و دواجار نەورۆزی پڕشکۆی ئەمساڵ و سەمای پڕ لە یەکگرتوویی ئازادی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەلماندیان کە ئیدی پەیامی شۆڕش و شەهیدان، ریشەی لە هەناوی خەڵك داکوتاوە و هیچ هێزێك نییە بتوانێ لە ریشەوە دەری کێشێت و مەترسی بێت بۆ سەری.

ئازیزان

شەهیدانمان ئەوەی کە پەیوەست بوو بە ئەرکی مێژوویی خۆیان، بە بەخشینی گیانیان کردیان. ئێستا ئەو ئەرکە وەك تەعەهودێکی ئەخلاقی لەسەر شانی ئێمەیە، کە چۆن بتوانین درێژە بە ڕێگای پڕسەروەریان بدەین و لە ئامانجەکان نزیك بینەوە.

ڕاسان وەك پڕۆژەیەکی هەمەلایەنی عەقڵانی و ئەخلاقی و سیاسی، بە سەرنجدان لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ڕۆڵی هێز لە وەبەرچاوگرتنی خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤەکان، بە فیداکاری پێشمەرگە قارەمانەکان و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك، تا ڕادەیەکی زۆر باش توانیویەتی لە بەرجەستەکردنی هێزی مرۆیی و پۆتانسیەلی شۆڕشگێڕی خۆرهەڵاتی کوردستان، کاریگەری دابنێ و، ببێتە گوتارێکی زاڵ لە پانتایی خەباتی سیاسی و مەدەنی تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەم گوتارە و ئەکتەرەکانی، ئێستا ئیدی ڕۆڵی هێزی بزوێنەر بۆ دروستکردنی مێژوویەکی نوێ دەگێڕن.

لە ڕاستیدا پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین، کە ڕاسان تەنیا پڕۆژەیەك نییە بۆ دەرچوون لەژێر زوڵم و زۆری دەسەڵاتی دیکتاتۆر و گەیشتن بە ڕزگاری، بەڵگو گوتارێکە کە لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی نوێ بۆ سیاسەت و بەشداری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە بزووتنەوەدا، هەم بەردی بناغەی سەرکەوتنێکی پایەدار دەستەبەر دەکا و هەم زەمینەی بونیاتنانی دێمۆکراسییەکی جێگیر و ڕاستەقینە دەڕەخسێنێ. چونکە لەم گوتارەدا، هەرکەسە و کارەکتەرێکە و دەتوانێ بۆ خۆی بەشێك بێ لە هێزی دروستکەری مێژوو. هەر لەم سۆنگەیەشەوە بووە، کە هەوڵمانداوە لەو کردەوە سیاسییانەدا بەشداری چالاکمان هەبێ، کە دەتوانن خزمەت بەم گوتارە نوێیە لە قۆناغی نوێی خەباتەکەمان بکەن، کە دواجار بەرژەوەندی باڵای خەڵکەکەمانی لەسەر بەندە. بۆیە لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چوینەتە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە، کە بە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ناسراوە. ئێمە زۆر باش دەزانین ئەو هاوکارییە و پێکهاتەکەی لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵام بە دیدێکی واقیعبینانەوە هەنگاومان ناوە و، پێمان وابووە هەنگاونانێکی هەرچەند کەمیش بێت، زۆر لە ڕاوەستان و چاوەڕوان بوون، مانادارتر و کاریگەرترە. بە خۆشییەوە ئەم ناوەندە توانیویەتی لە زۆر بواردا کار بکات و ئومێدی زۆر گەورەی لێ دەکرێ کە لە داهاتوودا، ببێتە ئاڵترناتیڤێکی دیار و هێزێکی کاریگەر لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

بابەتێك کە پێویستە لەم ڕۆژە مێژووییەدا جەختی لەسەر بکەینەوە، بابەتی ڕەوتی خەبات و هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها ئەو هێزانەشە کە خۆیان بە سەرتاسەری دەناسێنن. چونکە هەم پەیوەستە بە داهاتووی وڵاتەوە و هەم پەیوەستە بە شکۆمەندی مێژوویی و بەهای خەباتەکەمان و قوربانیدانی مێژووییمان. ئەگەرچی ئاستی پێوەندی و جۆری تێگەیشتنی نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان، تا ڕادەیەکی زۆر لێك نزیکە، بەڵام لەبەر نەبوونی توانای ڕێکخستنی کاریگەر و چەندین هۆکاری تر، نەیتوانیوە بەو شێوەی کە پێویستە ئاڵترناتیڤێکی کاریگەر و بەهێز، بەوشێوەی کە لە کوردستاندا هەیە، بینێتە دی. بەڵام ئەوەی جێی داخە، هەبوونی هێزگەلێکە لە نێو ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا، کە جیاوازییەکەیان، تەنیا جیاوازی ڕوخسار و ڕواڵەتە، ئەگەرنا هزر و بیریان هەمان بیری فاشیستی و کۆنەپارێزی و دواکەوتوویییە. لە ڕاستیدا ئەوان نە ئەو هەموو ساڵە ئەزمونی ژیان لە ناو وڵاتە دێمۆکراتیك و پێشکەوتووەکان توانیویەتی ئاشنای دێمۆکراسیان بکات، نە لە فەلسەفەی خەبات و تێکۆشانی هێزە شۆڕشگێڕەکان و وانەی خوێناوی شەهیدان و ئازایەتی پێشمەرگە قارەمانەکانمان، تێگەیشتوون. ئەوان دەبێ باش بزانن، بیری ڕزگاریخوازی و ئەندێشەی نەبەردیی و دژە کۆیلەیی زاڵ لە ناو تاکەکانی نەتەوە چەوساوەکان و بەتایبەتی نەتەوەی کورد، هیچکات ڕێگە بە بونیاتنانەوەی سیستمێك و زاڵبوونی هزرێك نادات، کە سازی شێواوی خۆی و بنەمای گەشەکردن و مانەوەی لەسەر نەمانی ڕەنگ و بیر و ڕەمزەکانی ئێمە بونیات نرابێت. پێویستە ئەوە بزانن، کە ئەگەر دەیانەوێ پێکەوەژیانمان قۆناغێکی نوێ لە گەشە و شکۆمەندی بە خۆیەوە ببینێ، پێویستە لەو هزرە ڕزیو و لەکارکەوتووانە دووربکەونەوە و، باوەڕیان بە شکۆمەندی هەموو تاکێك هەبێ، بە ڕەچاوکردن و ڕێزگرتن لە ناسنامە جیاوازەکان و هەموو ڕەمز و بەهاکان.

بەڕێزان

کاتێك ئاوڕ لە هەلومەرجی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، زۆر بە ڕوونی ئاماژەکانی بەرەو هەڵدێر ڕۆشتنی ئەو ڕێژیمەمان بۆ دەردەکەون. ئەو ڕێژیمە وەکوو دارێکی کرموڵ و ڕزیوی لێ هاتووە. لە هەموو ڕەهەندە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونییەکانەوە، پێشمەرجەکانی ڕووخان و کۆتاییهاتنی ئامادەن و ئەگەرچی یەکجار زۆر لەرزۆك و ئاسیب پەزیرە، بەڵام لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو و کارا لە ئاستی گشتی وڵاتدا، وا خەریکە درێژە بە ژیانی خۆی دەدا و بە پێوە ماوەتەوە. کۆماری ئیسلامی وەك سیستەمێکی لاسار و سەرڕۆ، ئەوەی پێی بکرێت لە دەستێوەردانی دەرەکی و ناردنەدەرەوەی تێرۆر و خولقاندنی کێشە و قەیرانسازی لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی، هەوڵدەدا سەرنجەکان لەسەر خۆی، لەو ڕووەوە کە ڕێژیمێکە و پێویستە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا نەمێنێت، لابدات. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بارەگی هێزە تێکۆشەرەکانی گۆڕەپانی خەبات و هەروەها تازەترین ئاماژەی گەورە کاربەدەستە سەربازییەکانی ئەو ڕێژیمە سەبارەت بە پەروەردەکردن و ڕێکخستنی دووسەد هەزار سەرباز لە عێراق و سووریە و لوبنان، ئاماژەن بۆ ترساندنی دژبەرانی لە ئاستی نێونەتەوەیی و ڕەواندنەوەیان لە دژایەتیکردنی ڕادیکاڵی ئەو سیستەمە. ئەمە غافڵ لەوەی کە کێشەی هەرە سەرەکیی ئەو سیستمە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیەتی و دواجار مەترسی هەرە بنەڕەتی بۆ سەر چارەنووسی، لە لایەن خەڵکی چەوساوەی ئێرانە. بۆیە پێویست دەکات هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، دەست بدەنە دەست یەك و لە ڕاسان و ڕابوونێکی هەمەلایەنەدا، زیاد لەوەی کە چارەنووسیان پەیوەستی بەرژەوەندی و سات و سەودای کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بکەن، بە دەستی خۆیان دیاری بکەن. لەم ڕێڕەوەدایە، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوئاراستە لەگەڵیان هەنگاو دەنێت.

لە لایەکی تریشەوە لە سایەی ئابووری ڕووخاوی ئەو سیستمەدا، ئیستا خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە خراپترین هەلومەرجی ئابووریدایە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر جۆری ژیانی شکۆمەندانەی تاکەکانی کۆمەڵگا داناوە. ئامارە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە ڕاستیی ژیانی خەڵك، بە جۆرێکن کە هەندێکجار مرۆڤ توانای بیستنیانی نییە. بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیەوێت بە کۆمەڵێك ئامرازی چەپێنەر و خولقاندنی کۆمەڵێك وێنەی دروستکراو و فەرافەکەنی سەرچاوەی کێشەکان و دواجار ئیدئۆلۆژیکردنی جۆری تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ هەمووو دیاردەکانی دەورووبەریان، ڕاستی فەلاکەتباری ژیانی خەڵك بکاتە نۆرمی ئاسایی ژیان و، بەمجۆرە لەسەر جەستەی شەکەت و پڕووکاوی کۆمەڵگا، ڕەونەقی کۆشك و تەلاری دەسەڵاتی نیشانی دنیا بدات. ئەم ڕێژیمە، ئەگەرچی بناغەیەکی ئیدئۆلۆژیکی نەگۆڕی هەیە، بەڵام هەمیشە بە شانۆسازی سیاسی، بەداخەوە توانیویەتی سەرنجی زۆرێك لە دژبەرانی خۆی، چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی نێوخۆیشدا بە لاڕێدا ببات. بۆیە هەروەکوو چۆن لە ڕابردوودا، بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی دەستی دایە وەپیشگرتنی سیاسەتگەلێکی ئەوتۆ، کە گوایە ناسنامەی دەسەڵاتی خۆی دەگۆڕێت یان ویستی وا بە خەڵك بڵێ کە ئەم سیستەمە ئەو توانستەی هەیە، خۆی لە ڕیزی سیستەمە ئەوڕۆییەکان بگونجێنێت و دواجار جگە لە سەرابێك هیچی لێ دەرنەچوو، بۆیە ئەمجارەشیان وەك پیشەی هەمیشەیی، دوور نییە بە وەپیشگرتنی هەندێ ژێستی هاوشێوە، بیەوێت بەو ئاراستەیەدا بڕواتەوە و بەم شێویە تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە.

بە کورتییەکەی ئەوەیە، ئەم ڕێژیمە لە هەڵدێری نەماندایە و زۆر لەرزۆکە، چەندە توانای بەلاڕێدابردن و بەکارهێنانی کارتی جۆراوجۆری هەبن، زیاتر نیشانەی لاوازییەتی. لە ڕاستیدا ئەم سیستمە بەپێی لۆژیکی زاڵ بەسەر مێژوو و فەلسەفەی مێژوو، بەسەرچووە و دەبێت بڕوات، بەڵام ڕۆشتنەکەی پەیوەستە بە ئامادەیی و وشیاری و چالاکیی هەموو مرۆڤە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکانەوە.

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان ئەمڕۆ لە دەی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ئەوەی پێویستە زیاد لە هەر کاتێکی تر بیڵێینەوە، دووپاتکردنەوەی ئەوەیە، کە حیزبە تێکۆشەرەکەتان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەروا قورس و قایم و بە باوەڕێکی پتەوەوە، بە پشتبەستن بە میراتی شەهیدانی سەربەرز و لە پێشەوەی هەموویانەوە پێشەوای مەزن، بە دڵگەرمبوون بە ئازایەتی و فیداکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دواجار بە پشتیوانیی بێدریغی ئێوەی سەربەرز، لە سەنگەری داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان ڕاوەستاوە و هیچ هێزێك ناتوانێت بە چۆکیدا بینێ. بەڵێنتان پێی دەدەین و دڵنیاتان دەکەینەوە، کە ڕێگە بە هیچ هێز و هزرێك نادەین، کە ڕەنگ و تایبەتمەندییە ڕەمزییەکانی نەتەوەکەمان بە هەند وەرنەگرێت و بوونی خۆی لە نەبوونی ئێمەدا ببینێتەوە. وانەیەك کە لە شەهیدە سەربەرزەکانمانەوە فێری بووین ئەوەیە، کە هیچ هەڕەشە و نیەتێکی خراپ نەمان ترسێنێت، لەوەی کە لە پێناوی دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەند و پڕ لە سەروەری نەتەوەیی، خەبات بکەین. ئەمە بەهایەکە کە فەلسەفەی وجوودیی پێکهاتنی حیزبەکەمانی لەسەر داڕێژراوە و بۆ هەمیشە و تا سەرکەوتنی یەکجاری و بەدیهاتنی ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەکەمان، هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.

لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە سڵاو دەنیرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و لە سەروی هەموویانەوە پێشەوای شەهید و هاوڕێیانی و بەتایبەت شەهیدانی ساڵی ڕابردوومان لە مەتەریزی شار و شاخدا، کە بە خوێنی خۆیان، هەرمان و بەردەوامەتی خەبات بە دژی چەوسانەوە و دیکتاتۆرییان سەلماند.

سڵاو لە شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان
سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان
سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی

کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی

# ڕۆژێک کە دەستی تاوان مەشخەڵی یەکسانی و دێموکراسیی کوژاندەوە



**کەیوان دروودی**

بێگومان کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، تاقە هەناسەدانی ئایدیای یەکسانیی نەتەوەیی و دەسەڵاتی دێموکراتیک لە مێژووی ئێرانە کە لە کۆتاییدا لەناو شەپۆلی گێژاوی دیکتاتۆری مێژوویی هێزی ناوەند و فراوانخوازیی قەومیدا لەکیس چوو. دەسەڵاتێکی کراوە و ستراکچرێکی دێموکراتیک کە بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە هاووڵاتیان بە ڕەوایی، بوونی خۆی ڕاگەیاند و سەرباری ئەوەی لەبەر ململانێی جیهانی لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا شێوەی گرت، بەڵام توانیی لە مێژوو و سەربردەی جوغرافیای ئێران و کوردستان وەک ئەزموونێک لە یەکسانی لە ڕێگەی گەڕانەوەی سنوورە ناسنامەییەکان و جێگیرکردنی دێموکراسی لەسەر بنەما دێموکراتیک و مودێڕنەکان خۆی دەربخات و بە ڕێژەی چرکەکانی تێپەڕبوونی کات، زیاتر زەروورەتی دەرکەوتنی بسەلمێنێ.

زۆر ئاساییە کە ئەم باسە لای ئەوانەی جوغرافیا [ئێران] بە نەتەوە [ملت ایران] ناو دەبەن و نیشتمانی کورد [کوردستان] بە پارێزگا [استان] دابەش دەکەن و کوردەکان بە [خرەفرهنگ] دەبینن جێی مشتومڕ نەبێ. ئەم وتارە لە دەلاقەی تێڕوانینێکەوەیە کە ئێران بە جوغرافیایەک دەزانێ کە فرەنەتەوەییە و کۆی ئەم نەتەوەگەلە خاوەندارییەتیی لێدەکەن. هەروەها لەسەر پێوەری ڕەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێوانەکانی دێموکراسی دەڕوانێتە دیاردەیەک بەناوی کۆماری کوردستان و ڕووداوی کارەساتباری ١٠ی خاکەلێوە کە بە چەند خاڵی جەوهەری، دەپڕژێتە سەر ئەم باسە.

_ کۆمار بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا تاقەهەناسەدانی دێموکراسی و یەکسانیی نەتەوایەتی لە مێژووی ئێران ئەژمار دەکرێ؛

لەپێشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە باسی دێموکراسی و یەکسانیی نەتەوایەتیی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا هەم پەیوەندییەکی دیالێکتیکی پێکەوە هەیە و هەم دەوری تەواوکەر لە کارلێکگەریدا (برهم‌کنش یان INTERACTION) لەسەر یەکتر دەگێڕن، بەو واتایە کە تاکوو دێموکراسی نەیەتە کایەوە، باسی یەکسانی لە ئارادا نابێ و بەهەمان شێوە هەتاکوو یەکسانییەک لە نێوان پێکهاتەکان بەشێوەیەکی گونجاو دروست نەکرێت، دێموکراسی لەخۆیدا ناتەواوە. هەربۆیەش کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، لەمبارەوە لە سێ ڕەهەندەوە دیاردەیەکی جێی سەرنجە. یەکەم ئەوەیکە لە یەکێک لە تاریکترین قۆناغە مێژووییەکاندا، داهێنەر و جێبەجێکاری پێوەرە دێموکراتیکەکان و لەوانە یەکسانی ڕەگەزی، پەروەردەی لەباری منداڵان و ڕەوایی کۆمەڵایەتی و هتد بووە. دووهەم، کەڵەکەی دەسەڵاتی لە ناوەندەوە لە پاوانی دەسەڵاتێکی ئێلیگارشی، پاوشایی و دیکتاتور دەرهێناوە و بەمشێوە هەنگاوی بەوەرو دابەشکاری لە دەسەڵات هەڵهێناوە و سێهەم ئەوەیکە بە گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ کورد، بەردی بناغەی یەکسانیی نەتەوایەتیی داناوە و ئەمەش هەوڵێک بووە لەپێناو ڕاماڵینی هەڵاواردن و جیاوازیی زمان، کولتوور و ناسنامەکان لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی.

هەربۆیەش وەک لە سەردێڕدا هاتووە، ئەوانەی دادگایان بۆ قازی محەممەد و هاوڕێیانی وەڕێخست، تاوانبارن بەوەیکە ڕێبەران و ڕایەدارانی مەوجوودییەتێکیی سیاسی دادپەروارانەیان لە هەموو نەتەوەکانی ناو ئێران زەوت کردووە و ئەزموونێکی دێموکراتیکیان بۆ کۆمەڵ لەبار بردووە.

_ ڕەوایی کۆمەڵایەتیی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان؛

ڕوونە کە کۆماری کوردستان لە بۆشاییەکی نیزامی _ سیاسیدا خۆی نواندووە کە بەرینایی ئەم بۆشاییە ئەوەندە نەبووە کە بتوانێ لە گشتایەتی خاکی کوردستاندا تەعبیر لە ئیرادەی خەڵک بکات، هەربۆش ئەمە ڕاستییەکی هەرە گرینگ و خاڵێکی جەوهەرییە کە بۆ خوێندنەوەی باسەکە یارمەتیدەرە. وەک دەزانین هێزەکانی ئینگلیس و یەکێتی سۆڤییەتی ئەوسا، بەڕیز لە ناوچەکانی خوارەوە و سەرەوەی کوردستان جێگیر ببوون و بەمشێوەیە خەڵکی ناوچەکانی کوردستان لەژێر ململانێی ئەم دوو هێزەدا نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئیرادی و ئازادانە خواستی خۆیان دەربخەن. ئەمە واتە، لەژێر کاریگەریی ململانێی جیهانیدا، ئیمکانی ئەوە نەبووە کە ڕێبەرانی کۆمار بتوانن لە تەواوی پانتایی خاکی کوردستاندا کۆمەڵانی خەڵک ڕێک بخەن و داوایان ئاراستە بکەن. بەوەیشەوە هەزاران کەس ئازادانە بەشدارییان لە ڕاگەیاندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان کردووە و لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماردا بە هەموو شێوازێک ئەم دەسەڵاتەیان بە نوێنەری خۆیان زانیوە. لەلایەکیترەوە ڕێکخراوەکانی ناو کۆمار نوێنەرایەتیی چین و توێژە جیاوازەکانیان کردووە کە گرینگترینیان ژنان و منداڵان بوونە کە هەرکامە لە تەشکیلات و ئۆرگانیزاسیۆنێکدا بەشێوەی ڕێکخراو هەڵسووڕانیان بووە. هەربۆیەش پێشەوا قازی محەممەد تاقە ڕێبەرێکی سیاسییە لە مێژووی هاوچەرخی ئێران کە سەرچاوەی دەسەڵاتی کۆمەڵ بووە و ناوەڕۆکی حکومەتەکەی بە تەواوی دێموکراتیک و پێشکەوتوو هەڵچنراوە. ئەم ڕاستییە ئەودەم گرینگە کە شارەزاییەکی ئەوتۆمان لە سەرچاوەی هێز لە مێژووی پانتایی ئێراندا هەبێ. مێژوویەک کە دەسەڵات تیایدا، بەردەوام میراتگرانە یان نیزامیگەرانە دەستاودەست کراوە.

_ گەڕانەوەی سنوورە ناسنامەییەکان

دەسەڵات لە نێو جوغرافیای ئێران هەر لە کۆنەوە دیکتاتۆری و تاکمیحوەر بووە، بەڵام هەندێک دەسەڵاتی خۆجێیی لەسەر بنەمای ناوچە بوونیان هەبووە کە بە [ملوک الطوایفی] ناسرابوون و بەڕێوەبەرییەکی نیمچەسەربەخۆیان بەدەستەوەبووە. کۆماری کوردستان لەم ڕووەوە یەکەم هەنگاوی مودێڕن و دێموکراتیکە کە لەسەر بنەمای سنووری ناسنامەیی دامەزراوە. لێرەدا دیسان پێویستە ئاماژە بە تێبینییەک بکەین کە پێشتر قامکمان لەسەر دانا و ئەویش ئەوەیە کە لەڕووی دەسپێڕاگەیشتنەوە ئیمکانی ڕێکخستن و بانگەشە لە سەرتاسەری کوردستان نەبووە و لەبەر ئەوەش سنووورداربوونی کۆمار لە چەند ناوچەدا؛ هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە بنەمای وجوودیی کۆمار، نەتەوەی کورد و نیشتمانیان واتە کوردستان بووە. کەوابوو کۆماری کوردستان داڕێژەری سنوورێکی ناسنامەیی لەناو جوغرافیای ئێرانە کە خۆی لە زەروورەتێکی مێژوویی و ناسنامەیی و پێکهاتەناسیی دانیشتووانەوە دەبینێتەوە.

چەندین جار دانیشتن لەگەڵ وەفدەکانی دەسەڵاتی دەرباری _ ناوەندی ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پێشەوا باوەڕی قووڵی بە ئاشتی و تەناهی هەبووە و هەروەها پشتبەستوو بووە بەوەی کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکات. بەڵام لە کۆتاییدا هەموو پرسەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی دابەزێنرا و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەرباری پاوشایەتی هیچ بڕوایەکی بە لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووس و هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان نەبووە.

_ کۆمار خاڵێکی وەرچەرخان و لاپەڕەیەکی نوێ بەڕووی نەتەوەکان

ئێستا ٧٢ ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیان تێدەپەڕێت و دەبینین کە هەموو نەتەوە و ئیتنیکەکانی ناو ئێران حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان هەیە و بەشێوەیەکی بزۆز و کارامە لە دەرەوە و ناوەوە بۆ دەسختنی مافەکانیان لە تێکۆشاندان و ڕۆژ نییە کە چالاکی ناسنامەخواز لە ئەحواز و بەلووچستانەوە بگرە تاکوو تورکمەنسەحرا و ئازەربایجان بانگهێشت یان دەسبەسەر نەکرێن. هەروەها دەیان ڕێکخراو لە دەرەوە لەم پێناوەدا خەریکی چالاکیی شێلگیرانەن. ئەمڕۆ ئیتر ئەوە لە کەس شاراوە نییە کە بۆ ئێران، کەڵەکەی دەسەڵات لە ناوەند وەڵامدەر نییە و تەنانەت ئەوانەش کە لە فاشیزمدا نوقمن، بەجۆرێک لە فۆرموولەکردنی ئایدیاکانی خۆیان، ئەم ڕاستییە لەبەرچاو دەگرن، ئەمە بەو واتایە نییە کە قەبووڵی زەروورەتەکانیان کردووە بەڵکوو بە مانای ئەوەیە کە ناچارن خۆیان لەگەڵ ئەم زەروورەتە بگونجێنن یان ئاستی دابەزێنن و لە ڕوانینێکی تەقلیلگەرایانەدا پرسی سنووری ناسنامە بۆ بابەتیتر بگۆڕن کە دیارە تا ئێستە سەرکەوتوو نەبوونە و ناشبن.

هەنووکە، تەعامولی تەندروستی نەتەوەکانی ناو جوغرافیای ئێران و بەشدارییان لە پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی تایبەت لەسەر بنەمای سنووری ناسنامەیی، دێموکراسی و یەکسانی لە ماوەی ڕابردوو، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە کۆماری کوردستان بە تێپەڕبوونی کات زەروورەتی شێوەگرتنی کە گەڕانەوەی سەروەری و حاکمییەتی سیاسی بۆ نەتەوەکان و جێگیرکردنی دێموکراسیی بووە؛ زیاتر خۆی دەردەخات. هەربۆیەش ڕێی تێدەچێ ئەو ئیدیعایە بکەین کە کۆمار لەڕووی مێژووییەوە، خاوەن بنەمایەکی ئاوەزمەندانەیە کە هەڵدەستێ بە وەڵامدانەوەی زەروورەتێکی وجوودی. وەک لە سەرەتا باسی لێوەکرا، ئەوانەی بەرژەوەندییان لە خنکاندن و دواخستنی کۆمار و کۆمارەکانی داهاتوویە؛ ئەم زەروورەتە ئابژەکتیڤە بە دەستی دەرەکییەوە گرێ دەدەن، بەڵام ئەوەی تۆزقاڵێک شارەزای سەروبەندی ڕسکانی کۆمارن باش دەزانن کە لەو سەردەمەدا ڕەزاشای پەهلەوی کە لە سەرەتاشەوە لەلایەن ژنراڵێکی ئینگلیسییەوە دانرابوو بە فەرمانی ڕاسپێردراوانی دەرەکی ئێرانی بۆ ئافریقا بەجێهێشت و دواتر هەر لەوێش بۆ هەتایە سەری نایەوە و کوڕەکەشی کە میراتی باوکی بۆ بەجێما وڵاتی پێشکەش بە هێزێکی دواکەوتووتر لەخۆی سپارد. بێگومان قەزاوەتی مێژوو جەرگبڕە و ناهێڵێ شکۆی قازییەکان بەدەستی تاوانبارەکان بشکێ.

هەر لەم نەورۆزەدا و ڕۆژانی کوژاندنەوەی ڕووناکیی کۆمار دەیان نووسەر، شاعیر، هونەرمەند و هەڵسووڕاوی مەدەنی و سیاسیی کورد لە ئیلام تەنیا لەبەر پیرۆزڕاگرتنی نەورۆزی کوردەواری دەسبەسەر کران، ئەمە واتە هەمان ئەو باس‌وخواستە کەڵەکەکراوە کە لە هەر حاڵەتێکدا، لە دامەزرانی کۆمارێکەوە هەتا بەرزڕاگرتنی بۆنەیەکی کۆماری تەنیا بە بەکارهێنانی هێز وەڵام دراوەتەوە. بێگومان ئەم خواستە سەرکوتکراوە وەکوو گڕکانێ ئامادەی گڕگرتنی یەکجارییە و ئەگەر کۆمار لە فۆرمێکیتردا دەرفەتی دەرکەوتنەوەی دووبارەی هەبێت، ئەمجارە خەڵکی کوردستان هیچ لەمپەر و بەربەستێکی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ یەکانگیرکردنی توانستەکانی لە ماکۆوە تاکوو ئیلام ناناسن. ئەودەم دەردەکەوێ کە کۆماری کوردستان و قازی چەند هەنگاو لەپێش ڕووداوەکان بوونە و زەروورەتی هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە مێژووییەیان چەندە بووە.

ئێستە بزووتنەوەی کورد لە شوێنێک هەڵکەوتووە کە نەک هەر خۆی بەڵکوو هەموو هێزە دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی لە ڕاست و چەپ گلێر کردووەتەوە و هەموو توانستەکانی بۆ تێکشکاندنی ئیستبدادی نگریسی مێژوویی سەر ئێران ڕێکخستووە. بێگومان نیشتمانی پێشەوا سەنگەری خۆڕاگریی و لانکی دێموکراسی و یەکسانی دەمێنێتەوە و لە کۆتاییدا هەموو ڕێگاکان دەچنەوە کوردستان و لەوێ چرای کوژاوەی کۆمار هەڵدەکرێتەوە.

**بێگومان نیشتمانی پێشەوا سەنگەری خۆڕاگریی و لانکی دێموکراسی و یەکسانی دەمێنێتەوە و لە کۆتاییدا هەموو ڕێگاکان دەچنەوە کوردستان و لەوێ چرای کوژاوەی کۆمار هەڵدەکرێتەوە**

# بەرز و بەڕێزە
# ناو و یادی پێشەوا قازی محەممەد



سۆران شەمسی

مێژوو ئاوێنەیەکە لە کەموکۆڕی، سەرکەوتن، دۆڕاندن، باوەڕ و ناسنامەی نەتەوەیەک، مێژوو و پێشینەی ئەو نەتەوە درووستی دەکات، ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە وەکوو قۆتابییەکی جێگر و قورس لە هاوسەنگی سیاسیی وڵات دەناسرین، بە هۆی بەرەکەت و پیرۆزیی خوێنی سووری کەسانێکە کە لە ڕێگای دێموکراسی و ئازادی، گیانی خۆیان بەخت کردووە تا بە ئامانج و ئاواتەکانیان، واتە ئازادی و مافی دابینکردنی چارەنووس و داهاتووی خەڵکی خۆیان بووە، بگەیەن. بە درێژایی مێژوو هەموو کات بلیمەتەکان لەدایک بوونە تاکوو هەست و گەورەیی نەتەوەیەک پایەدار و بەردەوام بمێنێت.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕاگەیەندراوێک بە واژۆی پێشەوا قازی محەممەد و ١٠٥ کەسی تر لە گەورە پیاوانی کورد بڵاو بووەوە، لەم ڕاگەیەندراوەدا دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئامانجەکانی حیزب دابین کرا، بەم شێوازە لە یەکەم، ڕۆژی دەسپێکردنی کۆنگرەی یەکەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا. دوای ماوەیەک لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٤٥ی زایینی، دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا و بۆ ماوەی یازدە مانگ کۆماری کوردستان لە سەر بنەمای دێموکراسی، ئازادی و دادپەروەریی بەردەوام بوو.

باس لە سەر شەهیدبوونە، ئەوانەی کە بە ڕویشتنی سووریان لە درێژەپێدانی ڕێگایەکی شۆڕشگێڕانە و پڕ لە شانازی، بەستەری مێژووی ئەم نەتەوە لەبیرکراوەیان خستە بەرچاوی مێژوو و لە نێو مێژوودا درەوشانی بێوێنەیان کرد، ئەوانەی کە بۆ زیندوومانەوەی مافەکانی نەتەوەی خۆیان هەستان و تاکوو دوایین دڵۆپی خوێنیان و تاکوو دوایین هەناسەیان هەموو کات بە هاوارێکی دادپەروەرانە و برایانەوە گوێی دوژمنانی خۆیان کەڕ کردووە.

قازی محەممەد هاواری گەورەی دادپەروەریی لە سەردەمی لەبیرکردن و درۆوەکان و نادادپەروەرییەکان بوو، قازی محەممەد هاواری ناخی دڵ و گەرۆی داگیرساندنی دادپەروەرییەک بوو کە ساڵەهای ساڵ کوژرابوو، پێشەوا مرۆڤێک بوو کە بەڕاستی هاواری دادپەروەری و یەکیەتی لە نێو جۆگرافیای سیاسیی ئێراندا هەبوو.

ئەمڕۆ هیچ شتێک پێویستتر لە یەکیەتی و هاودەنگی لە نێوان نەتەوە چەوساوەکانی ئێراندا نییە، شتێک کە لە سەمبۆلی دادخوازی و دادپەروەریی بۆ ئێمە بە میرات ماوەتەوە، یەکیەتییە کە هەموومان لە بەرانبەری بەرپرسیارین، بۆیە لە سەرشانی نەوە و نەسڵی ئێمە ئەرکە تاکوو بە یارمەتی یەکتر هەڵگری ئاوات و دەسکەوتەکانی سەمبۆڵ و بلیمەتی گەورەی کورد بین و تەپوتۆز لە ڕوخساری مێژووی ئەم گەورەپیاوە لابەرین، تاکوو ڕێگای ڕاست بدۆزینەوە و لە ڕێگایەک کە ئەو، ساڵەهای ساڵ زەحمەتی بۆ کێشاوە هەنگاو هەڵبگرین.

ناساندنی ڕوخساری شەهید پێشەوا قازی محەممەد بۆ نەسڵی نوێی کۆمەڵگای ئێمە، لەم بارەیەوە گرینگە کە ئەمڕۆ زیاتر لە هەر ڕۆژێکی تر کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بەوە هەیە کە ڕێگا و سیرەی شەهیدان و گەورەپیاوانی سەردەمی دێموکراسی بناسێنین و بە فکریەت و عەقڵیەتی ئەم گەورەپیاوانەوە کە ئێستایش ئەو ڕێگا و ڕوانگەیەی ئەوان هەمووکات لە نێو کۆمەڵگادا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و دێموکراسی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، بناسین و درێژەدەری ئەو ڕێگا و ڕێبازە بین.

ئەوەی کە قازی محەممەد، تەنیا وەکوو ڕێبەری حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد لەبەرچاو بگرین هەڵەیە، قازی محەممەد دەغدەغەی هەموو نەتەوە چەوساوەکانی چوارچێوەی ئێرانی هەبوو، ئامانجی پێشەوا، داکۆکی لە مافی هەژاران و دەرهاوردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی تاکەکسی لە وڵاتی ئێران و لە هەنگاوی دواتر گەشەپێدانی ڕوانگەی دادپەروورانە بوو، قازی محەممەد لە جیاتی ئەوەی کە بیر لە کورسی و دەسەڵات بۆ خۆی بکاتەوە، لە جیاتی ئەوەی کە بیر لەو دەرفەتانەی بکاتەوە کە بەدەستی هێناوە، باسی لە ماف و دادپەروەری دەکرد، باسی لە برایەتی و بەرانبەری مرۆڤایەتی دەکرد و باسی لە هاوبەشی هەمووی خەڵک لە دابینکردنی مافی چارەنووسی سیاسی خۆیان دەکرد، باسی لە شکاندنی چوارچێوی دەسەڵات لە دەسی تاکەکەسی دەکرد و تەنیا بۆ نەتەوەی کورد قسەی نەدەکرد، تەنیا بە دەنگی نەتەوەی کوردی ئازارچێشتوو و چەوساوە هاواری نەدەکرد، بەڵکوو باسی هەموو هەژاران و زوڵملێکراوان و چەوساوەکانی ئێرانی دەکرد و قسەی ناخی دڵی هەموو نەتەوەکانی بندەست و هەمیشە بەدیلگیراوی ئێرانی دەکرد.

قازی محەممەد کەسێک بوو کە بە شەهیدبوونی نەتەنیا نێوی نەمرد، بەڵکوو زیندووتر لە جاران و بۆ هەمیشە لە نێودڵی هەزاران کەسدا ژیانێکی هەتاهەتای هەیە و ماندگار دەمێنێتەوە، هەر بەو جۆرە کە ئەمڕۆ لە هەر جێگایەکی ئەم جۆگرافیایە نێو و یادی قازی هەیە و دەنگی مافخوازی ئەو لە هەموو جێگایەک بە گوێی دەگات، یەکێک لە خاڵە هەرە بەرچاو و گرنیگترەکانی بەڕێوەبەردن و مودیریەتی پێشەوا، کۆکردنەوە و ڕاهێنان پێکردنی هێزە بژاردە و فەرهەنگییەکان بوو،

ئەوانەی کە تواناییان هەبوو و کەسێک سەرنجی ئەوانی نەدابوون و لە پەنای مودیریەتی "پێشەوا"ـەوە گەشەیان کرد، بوونەتە هۆی خولقاندنی شانازیگەلێکی گەورە.

هەوڵ و تێکۆشان بۆ بەرەوپێشچوونی شۆڕشێک کە شەهید پێشەوا قازی محەممەد، لە نێو ڕوناکبیران و خوێندکارانی ئەو سەردەمە ڕایگەیاند، ئەمڕۆ بەرهەمی داوە و ئێمە شایەتی درەوشانەوەی زۆر زیاتری لاوەکانمان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی و زانیاری، فەرهەنگی، سیاسی و... ، هەین و دەبینین کە ڕۆڵە و نەوەکانی ئەم گەورەپیاوە لە هەموو جێگایەکی ئەم جیهانەدا شانازی گەورەیان بەدەست هێناوە و بوونەتە هۆی سەربەرزی نەتەوەی کورد.

پێشەوا قازی محەممەد، بۆ زیندوومانەوەی دێموکراسی، قوتابییانی وەکوو خۆی بارهێناوە کە هەرکامەیان توانیویانە ئاڵای کەوتووی دێموکراسی و دادپەروەری و ئازادی لە سەرشانیان بگرن و تا لووتکەی شانازی بیبەنە سەر، بلیمەتەکانی وەکوو شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید دوکتور شەرفەکندی، ئەگەر لە ئەمڕۆدا ئێمە وەکوو هاوسەنگییەکی بەهێز لە داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان دەناسێنن، ئەمە بە سەمەرە و بەرەکەتی خوێنی بەناحەق ڕژاوی شەهیدان و هەوڵ و تێکۆشانی بێوێنە و گیانبازییەکان و ڕوانگە و فکریەتی خۆڕاگرانە و جوانمێری شەهید پێشەوایە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش کە ڕوانگەی شەهید قازی محەممەد لە ڕێبەرانی دیکەی نەتەوەکانی تری جیهان جیاواز دەکاتەوە، ڕچەشکاندنی (سنت شکنی) هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانە، قازی محەممەد بلیمەتێک بوو کە بە ڕەوایەتی ڕوون و ئاشکرا و بیرۆکەی دادپەروەرانە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و بەتایبەت لە بواری ماف و پێگەی ژنان لە نێو کۆمەڵگایەکی ڕەش و تاریکدا پرسێکی نوێی خستە بەردیدی کۆمەڵگا.

ئەو بەبۆنەی ئەوەی کە ڕێبەرێکی دادپەروەری سیاسی بوو، پڵانێکی نوێی لە پێکهاتەی بیرۆکەی کۆنی (زهنیت سنتی) سیاسی و وێژمانی فەرهەنگییەوە پێک هێنا، قازی محەممەد بە نەزمی وێژمان و وێژەوەی نموونەی هەڵسوکەوتی خۆی، سەلماندی کە نەترسترین ڕێبەری سیاسییە و ڕوانگەی ئەو دیموکراسیانەیە کە ژن وەکوو نیوەی پێکهێنەری کۆمەڵگا و تەواوکەری مرۆڤی سەیر دەکرد، نەک کاڵایەک بۆ کڕین و فرۆشتن و ... .

پێگەی بەرز و جێگای گەورەی ئەم ڕێبەرە زانایە دەتوانین لە نێودڵی ژنانی کورد بدۆزینەوە کە ئەمڕۆ شایەتی گەیشتنی ئەوان تا ڕادەیەک بە ئاواتە کۆمەڵایەتییەکانیان و ئامانجە فەرهەنگییەکانیان و هەروەها ئاست و پێگەی سیاسی خۆیان کە لەو بوارانەدا سەرکوت کرابوون، ئەوەش لە ڕۆخساری جوانمێرانەی ڕێبەرەکەیانە، ئەمە نیشاندەری ڕوانگە و تێڕوانینی جوان و جیهانبینی تایبەتی قازی محەممەدە کە سەرچاوەکەی تێگەیشتنی لە دێموکراسی و ئازادی لە ناو بیرۆکە و هزری ئەو بووە، پێشەوا بیری لە ناسنامەی مرۆڤایەتی تاک بە تاکی خەڵکی کۆمەڵگا دەکردەوە.

پێشەوا هەڵکەوتێکی کاریگەر بوو کە لە ئاسمانی تاریکی دۆخی کۆمەڵایەتی -سیاسی ئێمەدا وەکوو خۆرەتاو ئەدرەوشایەوە، پێشەوا هەموو سونەتە کۆنە پرتووکاوەکان کە لە دەمارگرژترین شێوەی خۆیاندا گەشەیان کردەبوو، جلوبەگەریش بوو بە ڕوانگەیەکی کراوە و ویژدانێکی ڕوون ڕەخنەی کرد و پلانێکی نوێی لە جیاتی تابۆوە پرتووکاوەکانی وڵاتەکەمان پێشکەش کرد.

ئەو تەنیا خوازیاری ئەوە نەبوو کە بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنێت، لە هەموو بوارەکاندا دادپەروەریی بۆ گشت خەڵکی دەیویست، لە ڕوانگەی پێشەوا قازییەوە هەموو خەڵک یەکسان بوون و دەبوایە وەکوو یەک مافی هاوبەشیان هەبوایە، فکریەت و ڕوانگەی دادپەروەرانەی قازی محەممەد، وەکوو تیشکێکی نوێ لە زوڵماتی فەرهەنگی و سیاسی وڵاتەکەمان ئەدرەوشایەوە.

هەر بەم بۆنەوە دەتوانین ڕوانگەکانی قازی محەممەد بە بنەڕەتی شۆڕشێک بزانین کە تاکوو ئێستا بەردەوام بووە و بۆ هەمیشەیش بەردەوام دەبێت، وتەکانی پێشەوای نەمر سەڵماندویەتی کە ئەو هەمووکات تێدەکۆشی تا لە جیاتی شەڕ، کێشەکان لە سەر مێزی وتووێژ چارەسەر بکات.

مێژوو شایەتە، قازی محەممەد نموونەی تەواو لە نوێن و نیشاندەری هەموو دادپەروەرەکان و دادپەروەردۆستانی سەدەی ئێستا و هاودەورەی خۆی بووە، ئەو نەک ئەوەی کە تەنیا بە دوای زیندووبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەکەی خۆی بوو، بەڵکوو مرۆڤایەتی بە سەرچاوەی دادپەروەری دەزانی و بە شێوەی مرۆڤایەتییانە کە بە درێژای ساڵەهای ساڵ زوڵمێک کە لە نەتەوەکەی دەکرا و بەردەوام بوو ئاماژەی دەکرد ... .

پێشەوا قازی ڕویشت، قاسملوو و "شەرفکەند"یش ڕویشتن و زۆربەی هاوڕێیان و هاوبیرانی کە هێما و سەمبۆلی دادپەروەری ئێمە بوون ڕویشتن، ئەوان ئەسڵییەتی خۆیان بە ئاکام گەیاند، قازی محەممەد هەمووکات جەختی دەکردەوە کە لە شەهیدبوون لە ڕێگای خەڵک و نیشتمانی خۆی ترسێکی نییە و تامەرزۆوانە بەرەو پێشوازی مردن دەڕوات، ئەوان بە شەهیدبوونیان بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەژین و زیندووتر لە جاران لە لووتکەی مێژوودا ژیان دەکەن، ئەمڕۆ قازی محەممەد لە نێوانی ئێمەدا نییە، بەڵام ڕێگای پێشەوا و هێڵی قازی و ئارمانە گەورەکانی، زیندووە و بۆ هەتاهەتایە زیندوو دەمێنێتەوە چونکە کوردستان زیندووە.

بەرز و بەڕێز بێت نێو و یادی پێشەوا قازی و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی وەفادری، شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید دوکتور شەرفکەندی کە بە پێشکەشکردنی خوێنی خۆیان لە درێژەی ڕێگای سووری شەهیدبووندا لە سەر لووتکەی مێژوو بۆ هەموو نەسڵەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ شانازی و حەماسەیان خولقاند.

جێگای باسە کە ڕێژیمی پەهلەویی ئێران لەو سەردەمانە لە دادگایەکی درووستکراودا بە داسەپاندنی سزای سێدارە، قازی محەممەد و دو هاوڕێی ئەو گەورەپیاوە، لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران.

ڕۆحی نەمریان شاد و ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزیان پڕڕێبوار بێت.

# ڕۆڵی ژنان لە سیاسەتدا

شنۆ چاپچی



ئەمرۆ لەیلا زاناکان و لەیلا قاسمەکان لە هەرماڵێکی کورد و لە هەر زانکۆ و شەقامێک و شاخەکانی کوردستان دەژین و چیدیکە بۆ دوا ناگەڕێنەوە، ئەوەی هەیە ئاسۆیەکی ڕوونە!

خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، لە ساڵەکانی ١٩٤٦-١٩٠٦ پێی نایە قۆناغێکی نوێ و بە شێوازی مۆدێرن پێداگریی ویست و ئامانجەکانی خۆی بوو. لە هەمان کاتدا واتا و چەمکی نوێ هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە، یەکێک لەو بابەتانەی کە گرینگی بەرچاوی لە بزووتنەوە کوردییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پەیدا کرد، پرسی ژنانە، ئەمرۆ ئەم پرسە بووەتە شوناس، کە بە دوای ویست و ئامانجی تایبەت بە خۆیەتی و بووەتە یەکێک لە سەرچڵەکانی خەباتی یەکسانیخوازانەی کورد لە هەرێمەکەدا.

ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی تری ناوچەکە ئەزموون ویستی هاوبەشیان پێکەوە هەیە، بەڵام ژنان لە کوردستان بەشداری خەباتێکی نەتەوەیی و گشتگیرتردا و ئەم بەشداربوونە لە هەر ویستگەیەکی شۆڕش گۆڕان بە خۆوە دە بینێتن و هەر ئەو مەسەلە خاڵی جیاکەرەوەی ژنانی کورد لەگەڵ بزاڤی ژنانی تری ناوچەکەیە، هەر وەها ژنی کورد بە ئاستێک لە تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەیشتوون کە وەکوو کاریکتەرێکی ژنانە لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی و کایەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگادا دەوری سەرەکی هەیە و لە پرسە گشتییەکاندا جێدەستی دیارە.

کوردستان ناوچەیەکی جوغرافیایی لەمێژینەیە و دیارە کە بە دوای ڕووخانی ئیمپراتووری عوسمانی و لە ژێردەسەڵات و ویستی دەوڵەتە ئیمپرالیستییەکانن، ئەو کاتی براوەی شەڕەکانی گەردوونی، لەتلەت و پارچە پارچە کرا، هەر ئەم ڕووداوە دەسپێکێک بوو، بۆ ئەوەی کە ژنان لە کوردستان هەلومەرجی تایبەتی و جیاواز ئەزموون بکەن، بەم شێوە کە سیاست و پلانی دەوڵەتە سەردەستە کان کە هەر بەشی کوردستان تێدا ژێردەستە کارتێکەری و ساختاری تایبەت بەرهەم دێنێتن و بە ئاڵۆزبوونی کێشەکانی ئەم چینەی کۆمەڵگا کاریگەریی دادەنێتن، لە هەمان کاتدا ڕۆڵ و پێگەیەکی تازە بۆ ژنان دێنیتە ئاراوە و هەروەها لە حاڵێکدا کە ژن ئیلهامدەری هونەرمەندان بۆ خولقاندنی بەرهەمەکانە تەعلیماتی کۆن و ڕزیوی کۆماری ئیسلامی مەقامی ژنی هێناوەتە خوارێ و کردوویەتی بە بوونەوەرێکی چارشێوبەسەری، ڕەشپۆشی بێمایە، بوونەوەرێک کە شیاوی کۆیلەیەتییە، مەجبوورە لە ماڵدا زیندانی بێ بۆ ئەوەی خزمەتی پیاوان بکات و دوور لە کۆمەڵگا و دوور لە پیاوان درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بەڵام لە ڕوانگە ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە بەشداریی سیاسی- پێشمەرگانە لە شۆڕشی کوردایەتی، مەجالێکی باش و لەبارە بۆ هاتنە نێو کۆمەڵگا.

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان یەکەمین هەنگاوی بەڕێکخراوییکردنی چالاکیی ژنان وانەمەندسازی کراوە و گەیشتن بە بلوغی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنانە، ئەم هەنگاوە هاوکات کەڵکوەرگرتن بوو لە وزە و پتانسیلی ژنان بۆچارەسەرکردنی پرسی کورد بە بەشداریی چالاکانەی ژنان، کە لەژێر چەتری سیاسەتی نەتەوەیی دەرفە ت بۆ بەشداریی خودموختارانە لە کۆمەڵگا و سیاست بۆ ژنان دەڕەخسێنن وهەر ئەم بابەتە بەریشەییکردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگا یارمەتی دەدات، کاتێک کە پرس وچالاکیی ژنان لە پرۆسەی خەباتی کوردستان هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو خەبات کاریگەری بە خۆوە دەبینن، هەروەها لە سەرەتای شۆڕشەوە زۆربەی حیزب و سازمانە چپەکان ژنانیان لەگەڵ بووە و ئەو ژنانە ئامانجی حیزب و ڕێکخراوەکانیان زۆرتر بە لاوە گرینگ بووە، تا مەسەلە پێوەندیدارەکان بە خۆیان، بەڵام وردە وردە بە تێپەڕینی کات لە و ڕێکخراوانە کشانەوە و سەربەخۆ یا لەگەڵ ژنانی دیکە دەستیان کرد بە مەترحکردن و هێنانە گۆڕی حەق و حقووقیان کە بریتی بوو لە دابینکردنی مافی بەرامبەر لە نێوان ژنان و پیاواندا ئێستا دەبینم ئەو ژنە فێمێنیستانەی کە زۆر چالاکن لەم بوارەدا ژنی کوردیش جیا لە ژنانی ئێران نەبووە و چالاکیی بەردەوامیان لە حیزب و ڕێکخراوە کانی کوردستاندا هەبووە هەروەها لە کوردستانی ئێران ژنان بەشداری بەرچاویان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەیاندا هەیە و ڕۆڵی ژنانی کوردستان بەتایبەت خوێندکارە کوردەکان لە زانستگەکان، لە حەرەکەتە ئێعترازییەکانی ئەم دواییانەی ئێران بۆ خۆی دەربڕی ئەوەیە کە ژنان بە چالاکیی لە مەیداندا هەن، یادەوەری: ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لە هەڵبژاردنی شۆراکاندا و خۆ بەربژێرکردن و هەروەها بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ئەم دواییانەدا نوێنەر بۆ مەجلیس و هەروەها هاتنیان بۆ شاخ و دارستانەکانی کوردستان نیشانەی ئەوەیە کە لە بزووتنەوەدا بەشدارن.

کاتێک کچی کورد لە پێناو ئازادی نەتەوەکەیدا، حازرە هەر گیانفیداییەک بکاتن، سنوورەکان دەبڕی و بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە لە هەموو خواستە تاکەکەسییەکانی دەگوزەرێنن و ڕێگای پڕهەوراز و نشیوی خەبات دژ بە دوژمنی هاوبەشی ژن و پیاو دەگرێتە پێش ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە هەستی بە بوونی خۆی کردووە و دەزانن تواناکان و باوەڕبەخۆبوونی ئەو دەتوانن یارمەتیدەری خەبات بن و ئەوەش ئەرکی هێزە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قورستر دەکات، کە زیاتر ئاوڕ لە ژنان بدەنەوە و بەشێکی هەرە گرینگی خەباتی بزانن، لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسی ئێمەدا دەبێت جێگایەکی تایبەتی بدرێت بە ژنان کە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان پێک دێنن، هەروەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرانبەر تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێت، بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافانە لە کۆمەڵگادا مەودایەکی زۆریان لە نێودا هەیە دەبێت بەرەبەرە ئەو مەودایە لە نێو بچن، بە باوەڕی حیزبی دێموکرات هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵگا پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنیان زیاترە.

دوای شۆڕشی ٥٧ ئێران، ژنانی کوردستان شانبەشانی پیاوان دەست بە بەرگریی لە نیشتمان و بوونی خۆیان دەدەن و وەک ژن لە برا و باوکی خۆیان دیفاع دەکەن، بەڵام گیر و گرفتی سەر ڕێگای ژنان لە ئێراندا بەگشتی زۆر دیارە و خوڵقێنەری بەشێکی زۆر لەو گیروگرفتانە خودی کۆماری ئیسلامییە، کۆماری ئیسلامی هەر ڕۆژە بە بیانوویەک بە دژی ژنان گەڵاڵە بۆ پەسەندکران دەنێرنە مەجلیس و هەروەها یاسایی ئەساسی پڕ لە مادەی دەست و پێ گیرە لەسەر ڕێگای گەشەکردنی ژنان، کوردستانیش لەم بارەوە جیا لە ئێران نییە، بەڵام ئەو هۆیانە ئێستە بوون بە کۆسپ لەسەر ڕێگای ژنان ئە وانن: ١- نەبوونی ئازادی. ٢- داب و نەریتی کۆن و سونەتی وەک ژن بە ژنە، کچ لە جێ خوێندان کە ئێستاش لە بەشێکی کوردستان بەردەوامن. ٣- پیاوسالاری و باوکسالاری، لە زۆربەی ماڵەکاندا ئێستاش قسەی یەکەم پیاو دەیکات و بڕیار بەس بە دەست ئەوە. ٤- تێگەیشتنی ئەوتۆ لە مەزهەب لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ناتەباییدایە. ٥- جیاوازیدانان لە نێوان ژنان و پیاوان (ئاپارتایدی ڕەگەزی). ٦- لە خوارەوەبوونی ڕادەی زانیاری و تێگەیشتنی ژنانی کوردستان. بەڵام بە پڕڕەنگ و تۆخبوونەوەی بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگا و لەم چەند دەیەی ڕابردوو ژنان چیدیکە حازر نین بیر و فیکری چەوسێنەر قەبووڵ بکەن، بەڵکوو ئەم جارە وەک چینێکی شوناسدار و سیاسی داوای مافی خۆیان و نەتەوەکەیان دەکەن.

ڕاسان بە خوێندنەوەی دروست و واقعبینانە لە کۆمەڵگا و شرۆڤەی ورد لە هەلومەرجی ژنان لە کۆمەڵگا، فەزا و دەرفەتێکی باشی بۆ ژنان ڕخساندووە، کە لەگەڵ چینە پەراوێزخراوەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا بە سوژەیەکی بەکۆمەڵ بەو ئاستە لە ئاگایی دەگەن کە بۆ ئازادی و ڕزگاریی خۆیان تێ بکۆشن و ئەم حوزووری ژنان لە خەباتی نیشتمان تەنیا حوزوورێکی پڕوپاگەندەیی و ڕووەکی نییە، بەڵکوو بەشدارییەکی ڕاستەقینەیە و لەسەر بنەمای فیکری- فەلسەفی دامەزراوە، هەروەها کۆمەڵگا و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زیاتر لە پازیلێك دەچن، کە ژن بە یەکێك لە بەشە سەرەکییەکانی ئەم پازیلەیە و ئەگەر ڕۆڵ و ئەرکی دیاریکراویان بۆ لەبەرچاو نەگیرێت ئەوە هیچ کات ئەم پازیلە لەسەر یەک ناخرێتەوە و هەمیشە ئەم کۆمەڵگا و بزووتنەوەیە بە نوقسانی درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و ناتوانین بە کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤی بە ئەژمار بێنن و ڕەنگە هەر ئەم خوێندنەوە سادەیە لە کاریگەریی ڕۆڵی ژنان بن، کە لە قۆناغی نوێ کۆمەڵگا خۆرهەڵاتدا بەڕێوبەرانی ئە م قۆناغە هێندە باس لە ڕۆڵی ژنان دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان، کە ژنان زیاتر خۆیانی تێدا ببینەوە و ئەرک بەئەستۆ بگرن و ببن بە بەشی سەرەکی لەم خەباتە چ وەک هێزی شاخ و چ وەک ئەکتەرێکی چالاک لە شاردا و ئەوە ڕاست بەپێچەوانەی ئەو قسەیە کە دەگوترێ پرۆژەی وبەرنامەی ڕاسان پرۆژە و قۆناغێکی پیاوانەیە چونکە هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی ڕاسان لە سنوورەکانی خۆرهەڵات جەخت لەوە کراوەتەوە، کە تەنیا بە بەشداریی هەمە لایانەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەتوانن یارمەتیدەری سەرسەختی خەباتی کورد بن و کاتێک باس لە گرێدانی خەباتی شار و شاخ دەکرێن شاخە بە هەموو پتانسیلەکانی کۆمەڵگا لە شاردا و ژنانیش بەدڵنیاییەوە بەشێکی پتریان بەر دەکەوێت، چون هەم لە ڕووی حەشیمەتەوە نیوەی زیاتری کۆمەڵگایان پێک هێناوە و هەمیشە لە ڕووی زوڵم و زۆری دوو قات و سێ قات دەچەوسێنەوە و پێویستە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم زوڵم و زۆری و بێمافیە کە بە شێوەی سیستماتیک داڕێژراوە و هەوڵی پەراوێزخستنی ژنان دەدات، خۆیان بەشداریی خەباتەکە بکەن.

لە کۆتاییدا، دەبێت بڵێم کە نێوڕۆک و مێژووی خەباتی کوردستان بە شایەتیی قوربانییەکانی و بەرهەمە فیکری و سیاسییەکانی گەورەترین گارانتی وەدیهێنانی ئاسۆیەکی ڕوون، بۆ دواڕۆژی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسانیخوازە و بە ئاگاهییەوە بە ڕەوەندی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەڕوانین.

# شوناس لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە

بێهزاد قادری



بابەتی شوناس، واتە باس و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیاری "من کێم؟"، مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەم هۆیەوە، شوناسی نەتەوەیی چەمکێکی مێژووییە کە لە سەرەتاوە بە شێوازی جۆراوجۆر، لە ڕەهەندە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بوونی هەبووە و بە بۆچوونی بیرمەندانی زانستە مرۆییەکان، بەتایبەت بیرمەندانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، یەکێک لە بنەڕەتیترین و نوێترین باسەکانی سەردەمی مۆدێرن و پەسامۆدێڕنە کە بە بۆچوونی هەندێک لەو بیرمەندانە، لە پاش ڕۆنێسانسەوە لەدایک بووە. شوناس، ڕێچکەیەکی واتاسازییە بەپێی تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی، یان کۆمەڵێک گەوشینی فەرهەنگیی لەیەکدراوە کە لە سەردەمی مۆدێڕندا لە پێش سەرچاوە واتاییەکانی دیکەوە، جێگیر دەکرێت.

لە ڕاستیدا دەبێ لەسەر ئەم خاڵە جەخت بکەینەوە کە چەمکی شوناس، یەکێک لە پێچاوترین چەمکەکانی زانستە مرۆییەکانە و لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دیکە باسەکانی ئەم تەوەرە، بەرهەمی نووسراوی کەمتری لەسەر هەیە. بەزۆری لە باسکردنی ئەم چەمکەدا، شوناس دەکەنە دوو بەشی تاکی و کۆمەڵایەتی. بەم بۆنەوە، شوناس چەمکێکە کە تایبەت بە بوارێکی تایبەت نییە و جێ پێی لە هەموو بوارەکانی زانستە مرۆییەکان، بۆ نموونە: دەروونناسی، زانستی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و هەروەها مێژوو، دیارە.

لە ئەمڕۆدا، ئەم چەمکە بە ڕادەیەک گرینگیی پەیدا کردووە کە هەندێک لە بیرمەندان، شوناسی نەتەوەیی بە ژێرخانی هەموو جۆرە شوناسەکان دەزانن. بەو واتایە کە شوناسەکانی تر، لە چوارچێوەی شوناسی نەتەوەییدا شێوە دەگرێت و واتا پەیدا دەکات؛ بۆ نموونە، شێوەگرتنی شوناسی تاک، دیاردەیەکە کە بەتەواوی لەژێر ڕکێفی شوناسی نەتەوەییدایە.

هەڵبەت، لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، گەوشینی یەکگرتووی شوناسی نەتەوایەتی، تووشی خەسار بووە؛ یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم خەسارە، دەگەڕێتەوە بۆ باسی "بەجیهانیبوون/ Globalization"، واتە دیاردەیەک کە لەم سەردەمەدا لە بەرامبەرماندایە. بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی شێوەگرتنی هەستی چەندبەشی، ونبوویی و نامۆیی لە زۆرێک لە تاکەکاندا، بەتایبەت بەرەی نوێ و گەنجی کۆمەڵگا. بەجیهانیبوون هەروەها لە ڕێگەی وێرانکردنی فەرهەنگی، دەبێتە هۆی لاوازکردنی هێمنایەتیی شوناس. کاریگەریی گشتیی بەجیهانیبوون لەسەر شوناس، زۆرتر لەوەیکە شێوازێکی یەکگرتووی ببێت، تێکدەرە. بە واتایەکی تر دەتوانێت ببێتە دیاردەیەک بە ناوی قەیرانی شوناس، بەتایبەت دەبێتە هۆی قەیرانی شوناسی نەتەوایەتی و فەرهەنگی، واتە دیاردەیەک کە لە هەنووکەدا جیهان لەگەڵیدا دەستەویەخەیە.

لە پەیوەندی لەگەڵ واتای شوناسی تاک، کە لە بواری دەروونناسیدا دێتە گۆڕێ، هەندێک لە دەروونناسانی ئەم بوارە، لەسەری بۆچوون دەردەکەن. زۆرێک لە بیرمەندانی دەروونناسیی کەسێتی، شوناس لە پێگەی یەکەمدا بە بەرهەمی هەست و داخوازییە تاکییەکان دەزانن، هەست و داخوازیگەلێک کە لەگەڵ هەست و داخوازییەکانی کەسانی تر، جیاوازن. بەم هۆیەوە، هەندێک لە بیرمەندان لەسەر ئەم بڕوایەدان کە شوناس بریتییە لە هەستی خود یان بە واتایەکی تر ناسین و فامی خود کە لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر و لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، شێوە دەگرێت. لە لایەکی ترەوە، "جاکوبسێن"، وەها دەڵێت: ((شوناس بریتییە لە هەستی جیاوازیی شەخسی و هەستی سەربەخۆیی شەخسی.)) بەپێی ئەم واتایە و هەروەها واتای پێشووی شوناس، هەمان باسی کەسێتییە و شوناس بریتییە لە هەستێک کە مرۆڤ ڕەپاڵ بە ژیانی دەروونیی خۆی هەیەتی و یەکگرتوویەکە کە لەهەمبەری دۆخ و ئەحواڵی دەرەوە، هەمیشە لە دەروونی خۆیەوە هەستی پێ دەکات.

شوناس لە ڕوانگەی زۆرێک لە دەروونناسانەوە، خاوەنی دوو ڕەهەندی سەرەکییە کە بریتییە لە ڕەهەندی ناسین و ڕەهەندی ئێحساسی. بە واتایەکی تر، شوناس بواری ناسین دەگرێتەبەر، چونکە هەستی شوناس بەرهەمی جۆرێک فام و هۆشیارییە. هەروەها بواری ئێحساسیش دەگرێتەبەر، چونکە ئەم فام و هۆشیارییە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی هەستەکان و حەزە تایبەتەکان.

بەگشتی، تێفکرین لەسەر ڕوانگە جۆربەجۆرەکانی دەروونناسی، پیشاندەری هەندێک خاڵی گرینگە لە باسکردن و واتای چەمکی شوناسدا، کە لە درێژەدا ئاماژەی پێ دەکەم:

- شوناس سنوورێک لە نێوان خود و بێگانەدا دادەنێت و زۆرتر لە ڕێگەی یەکهەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتییەوە دەستدەدات.

- تەنانەت بواری تاکیی هەستی شوناس، بە ناوجێگەریی "دیالکتیک"ی نێوان تاک و کۆمەڵگا شێوە دەگرێت. شوناس بەگشتی لە ڕوانگەکان و هەستەکانی تاکەکان خۆی دەردەخات، بەڵام جێی شێوەگرتنی شوناس، ژیانی کۆمەڵایەتییە. شوناسی کۆمەڵایەتیی دەرکەوتوو لە کەسێتی، جیا لە دونیای کۆمەڵایەتیی تاکەکان، واتایەکی نییە. لە لایەکی ترەوە، دیالێکتیکیبوونی چەمکی شوناس، بەو هۆیەتە کە خۆیشی لە شێوەگرتنی شوناس ڕۆڵی "مونفەعیلی" نەبووە، بەڵکوو وەکوو کۆمەڵگا ڕۆڵێکی چالاکی لە ئەستۆ بووە. لە ئاکامدا ئیمکانی گۆڕان لە شێوە و ناوەڕۆکی شوناس، ئەمرێکی ناشۆ دیارە.

- چەمکی شوناس چوار پێگەی سەرەکی دەگرێتە خۆ: ١) پێگەی ناسین، واتە هۆشیاری لەسەر تایبەتمەندییەکان و جیاوازییەکانی خود لە کەسانی تر ٢) پێگەی بایەخی، بەو واتایە کە تاک لەبارەی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی خۆی و کەسانی تر، بایەخبەندی دەکات ٣) پێگەی ئێحساسی، واتە تاک لەبارەی جیاوازییەکانی خۆی لە کەسانی تر، هەستیار دەبێتەوە، کە ئەم هەستیارییە لە پێگەی یەکەمدا لە هەڵوێستە ئێحساسییەکانیدا دەریدەخات، هەڵوێستگەلێک وەکوو: غەڕە، سووکی، شانازی و... ٤) پێگەی ڕەفتاری، واتە هەڵوێستگەلێک کە تاک لەهەمبەر جیاوازییەکانی خۆی لە کەسانی تر، لە کرداردا لە خۆی پیشانی دەدات. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە توندوتیژی، شەڕخوازی، یارمەتیگرتن و یارمەتیدان و...

- هەرچەند ڕۆڵی هۆشیاری و ناسین لەسەر شوناس، زۆر تیلە و زۆربەی بیرمەندان ڕاشکاوانە لەسەری جەخت دەکەنەوە و سەرنجی پێ دەدەن، بەڵام بەکەمی لەبارەی پەیوەندیی ناهۆشیار و شوناس، باس کراوە. تەنیا دەتوانین جێ پێی ئەم باسە لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە ببینین. دەروونشیکاریی "فرۆید" و بەتایبەت دەروونشیکارانی دوای فرۆید، بەتایبەت "یۆنگ"، پیشانمان دەدەن کە چلۆن شوناس دەتوانێت بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆرێک، پەیوەندیی بە ناهۆشیاریشەوە هەبێت! بە واتایەکی تر، بەشێک لە شوناسی تاک، ناهۆشیارە و لە ئاکامدا، تاک هیچجۆرە هۆشیارییەکی لەسەری نییە.

# ڕاسانی خۆرهەڵات و ئەرکی نیشتمانی

نەوید کەرەمی

ئەو خاکەی کە هەر مرۆڤێک تێیدا لەدایک دەبێت، فێری ئاخاڤتن بە زمانی بابوباپیرانی دەبێت، بەڕێ دەکەوێت و گەشە دەکات و وێڕای خزم و کەسوکارەکەی هەر لەسەر ئەو خاکەی کە بابوباپیرانی ژیاون تەمەنی بەسەر دەبات، پێی دەگوترێت نیشتمان.

کوردستان ئەو خاکەیە کە لە دێرزەمانەوە جێگای بابوباپیرانی ئێمە بووە و بۆ ئێمە و نەوەکانی دوارۆژیشمان هەر دایک دەبێت، نیشتمان و جێگای نیشتەجێبوونی ئێمەی نەتەوەی کوردە. نەتەوەیەک کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر لەسەر ئەم خاکەدا ژیاوین و هەر لێرەش دەمێنینەوە.

بە واتایەکی دیکە، جێی نیشتەجێبوونی سەرەکی هەر تاکێک، بەهەموو ئەو شتانەی دیکە کە بناخەی شارستانییەت و پێناسەی ئەو مرۆڤە لەخۆ دەگرێت، نیشتمانی ئەو بە حیساب دێت.

نیشتمان وەک ماڵ (بنەماڵە)ی دووهەمی هەر تاکێک دەژمێردرێت و پێناسەی ڕاستەقینەی ئەو تاکەیە پاش خێزانەکەی، واتە کاتێک لەهەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا کەسێک دەڵێت کوردم، بەو مانایەیە کە نیشتمانی ئەو کوردستانە، بۆیە بۆ ئێمەی کورد، کوردستان ئەو نیشتمانەیە کە شوێن و پێناسەی هاوبەشی هەموومانە و هەمووومان بەیەکەوە گرێ دەدات و لە خەڵکانی دیکە و لەو کەسانەی کە نیشتمانیان لە ئێمە جیاوازە، جیامان دەکاتەوە.

وەک چۆن خاوێنکردنەوە، پارێزگاری کردن، پاراستن، نۆژەنکردنەوە و هەروەها پەرەدان بە ماڵەکانمان بۆ هەموو تاکەکانی خێزانێک وەک ئەرکە، هەربەوشێوەیەش پارێزگاری کردن، نۆژەنکردنەوە، گەشەدان و ...هتد نیشتمانەکەمان ئەرکی تاک بەتاکی هەموو ئێمەی کوردە و پێویستە هەتا لەبەرانبەر نەتەوە و نیشتمانەکەمان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین.

لەو کاتەوە گەلەکەمان بووەتە ئامانجی هێرش و فراوانخوازی نەتەوە و گەلانی دیکە، نیشتمانمان داگیر و پارچە پارچە کراوە، گەورەکانمان کوژران و نووسین و تۆمارکردنی ڕوداوەکانمان بە زمانی خۆمان لێ قەدەغە کرا، هەر بۆیە بەشێکی زۆری مێژووی گەلەکەمان لە تاریکی مێژوودا ون بووە و پێویستی بە گەڕانێکی کارناسانە و ورد هەیە هەتاکوو ئەو مێژووە نادیارە ئاشکرا و تۆمار بکرێت.

هەر لەو کاتەدا کە نیشتمانەکەمان لەلایەن نەیارانی گەلەکەمانەوە داگیر کراوە، سەرخان و ژێرخانی کوردستانەکەمان لە لایەن ئەو داگیرکەرانەوە بەتاڵان براوە و زۆر بێبەزەییانە و بە ئەنقەست و بە بیانووی جۆراوجۆر دەست دەدەنە کاولکاری و ئاگرتێبەردان لە جەستەی نیشتمانەکەمان، تا ئاستێک کە بە ئاشکرا کاولکاری، بەتاڵانبردنی سەرمایەکانمان، سووتاندن و وێرانکردنی خاک و لێڕەوارەکان و ئازاردان و بێحورمەتی کردن بە دابونەریت و پیرۆزییەکانی گەلەکەمان بووەتە سیاسەتی ڕاستەقینەو ڕۆژانەی ئەوان و لەهەموو لایەکەوە و بە هەزاران شێوە نیشتمان و نەتەوەکەمانیان داوەتە بەر هێرش و هەوڵی لەنێوبردن و سڕینەوەمان دەدەن.

زانا، نووسەر و هونەرمەندەکانمانیان ناچار کردووە هەتاکوو لە بەرژەوەندی ئەواندا کار بکەن، لەغەیری ئەوەدا نەک هیچ یارمەتی و پاڵپشتییەکیان نەکردووە، بەڵکوو بە وەپاڵدانی تۆمەتگەلی جۆراوجۆر تووشی زیندان، مەرگ یان ناچار بە ئاوارەیی لە هەندەران و مردن لە غەریبیان کردوون.

لەم سەردەمەدا کە گەلی کورد زۆر جیاوازتر لە سەدەکانی پێشووتر، خوێندەوار و ڕۆشنبیری تێدا هەڵکەوتووە و زۆربەی خەڵکەکەمان خوێندەوارن و لە سایەی کەرەستەکانی بەجیهانیبوونەوە زۆر بەئاسانی دەستیان بە زانیارییەکان ڕادەگات و دەتوانن بەشداری لەو تۆڕە جیهانیانە بکەن، پێویستە کە ئەو ئابلۆقانە بشکێنین و هەمووومان لە پێناو نیشتمانەکەماندا دەست بدەینە چالاکی و زیندووکردنەوە و تۆمارکردنی مێژوو و داهاتووی گەل و نیشتمانەکەمان.

مەتەڵێکی فارسی هەیە کە دەڵێ "چراغی کە بە منزل ڕەواست، بە مسجد حرام است"، واتە لە کاتێکدا کە نیشتمانەکەی خۆمان لەبەر هێرشدایە، هەڕەشەی لەنێوچوونی خاک و دابونەریت، زمان و مێژووەکەمان لەئارادایە، ئیدی پارێزگاری کردن لە نیشتمانی نەتەوەیەکی دیکە و گەڕان بەدوای مێژووەکەیان، خۆشخزمەتی کردن و گەشەو نمادان بە دابونەریت و پیرۆزییەکانیان بۆ مرۆڤێکی کورد کارێکی بێسوود، بێمانا و بگرە گەمژانەیە.

لە ڕاسانی خۆرهەڵاتدا هەموو تاکێکی کورد ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی کەوتووەتە سەرشانی کە پێویستە هەرچی زووتر لە خەوی بێئاگایی و ژیانی تاریکی هەستێت و بەشداری ئەو شەپۆلە و ئەو خەباتە نەتەوەییە بکات.

کاربەدەستان و دوکتوورە کوردەکان چاویان بەهەژارانی گەلەکەیانەوە بێت هەتا لەوە زیاتر ژیانیان لێ تاڵتر نەبێت، مامۆستایان، زانایان، نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد لەباتی ئەوەیکە زۆربەی کاتەکانیان بۆ گەڕان بەدوای مێژوو و کەسایەتی نەتەوەکانی دیکدا بە فیڕۆ بدەن و ببنە سۆڕناژەنی ئەوان، کاتەکانیان بۆ خوێندنەوە، لێکۆڵینەوە و تۆمارکردن و دۆزینەوەی مێژوو و کەسایەتی نەتەوەکەیان تەرخان بکەن، کە خۆی لە خۆیدا لەگەڵ خزمەتێکە هاوشێوەی خەباتی پێشمەرگانە.

دایکان و باوکانی کورد بە ئاگایی و دڵئاوەڵاییەوە هەم خۆیان بەشداری ڕاسان بکەن و بە قەدەر دەرەتان و توانای خۆیان بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە کار بکەن و هەمیش منداڵەکانیان هان بدەن و فێریان بکەن کە ببنە سەربازی نەتەوەکەیان و بە بەشداربوونیان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ڕاسانی شار وەک: "بەشداری لە بۆنە و جێژنە نەتەوەییەکان، فێربوون و نووسین بە زمانی کوردی، لەبەرکردن و پۆشینی جلوبەرگی کوردی، پاراستن و خاوێن ڕاگرتنی ژینگەی شار و شاخ و لێڕەوارەکان و ... هتد،" یان لەبەرکردنی جلی پیرۆزی پێشمەرگە و بوون بە سەربازی نیشتمان لە ڕیزی پێشمەرگەکانی شاخی ئەو نیشتمانە، ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

کوردستان نیشتمانی هەموو تاکێکی کوردە، بۆ هیچ کوردێک نییە کە چرکەیەکیش بیر لە خیانەت کردن بەو نیشتمانە بکاتەوە و بە زاڵبوونی بێگانە بەسەر نیشتمانەکەی شاد بێت.

بەو هیوایەی کە هەمووومان ببین بە پێشمەرگەی ڕاسان و لە نێو ماڵەکان، لە شەقام، قۆتابخانەکان، ئیدارات و ... هتدی ئەو خاکە پیرۆزەدا سروودی "نیشتمان ئەی وڵاتی جوان ..." بهۆنینەوە و بە ئاکار و کردەوەکانمان سیما، کەرامەت و ئەساڵەتی کوردەواری خۆمان بپارێزین، هەتا دوژمنان ناچار بن واز لە داگیرکاری و تەماح بۆ کوردستان بێنن و لە نیشتمانەکەمان بڕۆنە دەرەوە.

# سەمای ئازادی نەورۆز لە گۆڕەپانی نەورۆزدا

**هیوا خانی**



لە پاش ئەوەی تیشکی تاریکیتارێنی گڕی ئاگری نەورۆز، بە ئەمەگی ئەویندارانی مەشغەڵی دڵانی لە جۆش، گڕی پیرۆز دادەگیرسێنێ، هەموو مەملەکەتی مێد و مێدیا دەگرێتەوە و دڕ بە تاریکی و شەوەزەنگ دەدرێ! گۆڤەند و ڕەشبەڵەکی ئەویندارانی هەتاو و رووناکی لە بڵیندان، لە نەوییان، لە ئامێزی چیا و شاخان، ئا لەو شوێنەی قاسپەی گەروو ماری مازانی دوژمنتاسێن قرمەی دێ و دەنگی نەعرەتەی شێرانەی پێشمەرگەی شاخ، دەر و دەشت پڕ دەکا، ئاوازەکەی ئاواڵ دوانەی لە ناوەندی مەکۆی بەندەوارانی کوردستان لە گوند، لە شار بە جلوبەرگی هاوتای، هی تەوارانی جامانە و ئاڵ و واڵا بە هەوری و گوڵی سوور لە سەر دڵ و بەدەستەوە سەمای ئازادیان بۆ ژیانەوە بۆ سەرهەڵدانی نوێ بوونەوە لە بۆ بەرزی، بە سەربەرزی بۆ دەرهێنانی خۆری ئازادی قورس و قایم پای سێ کرداری ئەهورایی لە گوڕ سێ جار لە خاک دەدەن. تین و گەرمی پای ئەوینداران دەدەڵێتە هەناوی خاک دڵی دایک گەرم گەرم، بورکانی دەروونی دەهەژێ لۆزەوەی گڕکانی خۆشەویستی هەڵدەڕژێتە ناخی سەماکەران. عاشقانە هەڵدەسووڕێن، جامانە و دەسرە و هەوری و ئاڵا چوار رەنگی زەنگین و سەنگین. ئاڵوواڵا تێکەڵ دەبێ لە گۆڕەپانی پیرۆزی شار و گوندان لەگەڵ بریسکەی چەخماخە و قرمەی گەروو مار و نەعرەتەی شێرانەی شاخ. ئەمساڵ چ شایی لۆغانێکە شۆڕش و هەستانەوە و نەورۆزی کوردان!.

لە ماڵەوە

لە لاپەڕەی گڕبەدەستانی مێدیا کە تیشک، تیشکپڕژێن دێتە وەشان، گوڵبارانی دەر و حەوش و دڵ و دەروون بە بەرامەی نەورۆزانەی ساڵی ٢٧١٩ بە تامی سەمای ئازادی، بۆ نیشانی ڕێگەی هەتاو دێتە دفن و کفنی نەیاران دادەدڕێ. گوڵ کردنی رووناکی بوو! لە هەر ماڵێ لە کوردستان لە گشت جیهان. ڕەق ڕادەبم لە پای سرودی "ئەی رەقیب"؛ ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، ئەی رەقیب! خوا منیشی وەک هەر نەتەوەیەکی سەرگۆی زەوی خەڵق کردووە ئەو گەورەیی پێداوم نامشکێنی، تۆش لەگەڵم هەڵکە وەک دوو مرۆڤ با چرایەک بۆ داهاتوو هەڵکەین! نەمردووم و هەر زیندووم. پاش ئەو هەمووە شۆڕش و خوێن و خەباتە، ئاڵاکەم هەر شەکاوەیە. کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە، گوێ شل دەکەم بۆ پەیامەکەی نەورۆزی، بەرچاومان روونە، بۆ داهاتوو، ناوەندی هاوکاری لە کوردستان و هەڤاڵبەندی لە ئێران جێگەی پێمان پاش نەمانی کۆماری سێدارە قایم کردووە. بۆ ساڵی داهاتوو هەوڵەکانتان چڕ کەنەوە. تیشک بخەنە سەر لادانی هەوری چڵکن با دەرکەوێ ئاسمانی شین.

شین شین لە دەسپێکی سەرلەنوێی تیشک، لە پەیامی، لە بۆ سڵاوی دووبارە، بۆ رەنگی شین، لە بۆ رەنگی هەراوی ئازادی، کە گشتمان سەر لە پێناوین. نەورۆزانەیە، نەورۆزانە.

لە دەروونا

دەهەژێ بورکانی ئاگری داخ، نە با، نە بۆران، نە تۆفانی وڵاتداگر، نە ترس، نە لەرز، نە هەڕەشەی دێوەزمەی دڕ. دەروەستی چاوی نەترس، نیگای پڕهەست، دڵی دەریایی. هەنگاوی قایم، مەچەکی توند، جەستەی بە هەیبەتی نایەن. ئاگرێکی وەها لە دەروونا داگیرساوە، گڕ و مەشخەلانی، لە گۆڕەپان، لە سەر چیا، لە گشت شوێنی کوردستانا. نەورۆزەکەی سەمای ئازادی دەگێڕێ. شۆڕشێکی ناوەتەوە، عاشقانە هەڵدەسووڕێن جامانە و دەسرە و هەوری و گوڵی سوور و ئاڵای واڵا. شەپۆل دەدا جەماوەری بەندەوارانی کوردستان. دێنە سەما ئەویندارانی ئازادی، دەڕاسێن تامەزرۆیانی رزگاری، تێکەڵ دەبێ لە گۆڕەپانی پیرۆزی شار و گوندان لەگەڵ بریسکەی چەخماخە و قرمەی گەروو مار و نەعرەتەی شێرانەی شاخ. ئەمساڵ چ شایی لۆغانێکە شۆڕش و هەستانەوە و نەورۆزی کوردان!. پیرۆز بێ لە هەمووتان

# لافاو و ماڵوێرانییەکانی



**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لافاو، ٤٠٠ شار و ١٥ پارێزگای ئێرانی کە بەشێکیان لە پارێزگاکانی کوردستان بوون، گرتەوە کە بەهۆیەوە هەزاران میلیارد تمەن زەرەر وەبەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کەوت؛ جیا لە خەسارەکانی پارێزگای لوڕستان کە هێشتا دەرەتان بۆ بەراوردکردنیان نییە، لە پارێزگاکانی دیکە ٤٠٠ پرد ڕووخان، ٥ هەزار پرد خەساریان بەرکەوت، ١١ هەزار کیلۆمێتر لە ڕێگەوبانەکان تووشی زەرەر و خەسار بوون، ١٢ پارێزگای ئێران لە کەرتی کشتوکاڵدا خەساری ٣٨هەزار و ٥٢٨ ڕیاڵییان بەرکەوت، وێرانییەکی بەرچاو وەبەر ماڵ و موڵکی خەڵک کەوت کە حاڵەتی بانقەیرانی بەخۆیەوە گرت.

پڕئاشکرایە کە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوگەلی لەم چەشنە کە خەساری گیانی و ماڵی لێدەکەوێتەوە و قەیرانی مرۆیی بەدوای خۆیدا دێنێ، کۆمەڵگای جیهانی وەخۆدەکەون و هەوڵ بۆ گەیاندنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە و هاوکاری کردنی ئەو وڵاتە بەڵالێدراوە و خەڵکە مالوێرانبووەکەی دەدەن؛ هەروەک لە پێشووتردا و لە ڕەوتی بوومەلەرزەکانی بەم و ڕوودبار، زیاتر لە ٦٠ وڵاتی جیهان و یەک لەوان ئامریکا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی بۆ خەڵکی لێقەوماو، یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکانیان گەیاندە دەستیان، بەڵام بۆچی لە ڕووداوی لافاوی ئەمجارەدا کە پانتاییەکی بەربڵاوتریشی هەبوو، یارمەتییەکان تەنیا خۆیان لە چوارچێوەی دنیای مەجازی و تویتێردا بینییەوە؟ بۆچی هیچ وڵاتێکی ناوچەیی یان جیهانی ئامادە نەبوو وەک پێویست هاریکاری لێقەوماوان بکات و لافاولیدراوان بە تەنیا مانەوە؟ ڕەنگە بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارانە لە زۆر ڕوانگەوە بکرێ وڵام بدرێتەوە بەڵام ڕەنگە گرینگترین هۆکار بریتی بێت لە ڕق و کین بڵاوکردنەوەکانی عەلی خامنەیی لەدژی ئامریکا، ئورووپا و هەندێک لە وڵاتانی ناوچە؛ واتە شەڕئەنگێزی و ئاژاوەگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی هەستە سادیسمییەکانی خامنەیی دەتوانێ هۆکارێک بێت بۆ لەپەراوێزکەوتنی ئێران و خەڵکەکەی لای کۆمەڵگای جیهانی؛ ڕەنگدانەوەی قسە و لیدوانە پڕ لە دوژمنی و شەڕئەنگێزییەکانی خامنەیی و هاوبیرەکانی لە تاران لەنێو ڕاگەیەنە جیهانییەکاندا وێدەچێ خەڵکی لە ئاستی جیهاندا تووشی حاڵەتیکی وەها کردبێت کە ئامادە نەبن لە قەیرانێکی وەهادا یارمەتی لێقەوماوان بدەن.

لە ئەنجامی سیاسەتە دوژمنکارانەکانی کۆماری ئیسلامیش دەبینین کە تەنانەت ئامریکا کە وەک ئاماژەی پێدرا لە گەیاندنی یارمەتی و هاوکاری بۆ لێقەوماوانی بەم پیشەنگ بوو، ئەمجارە تەنیا بە بڵاوکردنەوەی پەیامێکی تویتێری هاوخەمی خۆی لەگەڵ لێقەوماوان دەربڕی. هەر لەسەر ئەم ڕێچکەیەش بینیمان کە وڵاتە ئورووپاییەکانیش یان خۆیان لەو ڕووداو و کارەساتانە گێل کرد یان وەک باڵوێزی بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان لە تاران بە تویتێکی سادە کۆتاییان بە ئەرکە ئەخلاقییەکەیان هێنا. تەنانەت وڵاتانێکی وەک ڕووسیە و چین کە کۆماری ئیسلامی وەک پشت و پەنای خۆی ناویان لێدەبات ئامادە نەبوون هاوکاری بەڵالێدراوان بکەن و لە حیسابی تویتێری خۆیاندا سەرەخۆشیان لە خەڵک کرد!!

لەم بارودۆخەدا و لە کاتێکدا کە ڕێژیم بۆخۆی لە قەیرانێکی قووڵی ماڵیدایە، دەبینین کە لووتبەرزی و بێکیفایەتییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم زیاتر خۆیان دەنوێنن و کەسێکی وەک ئیسحاق جەهانگیری جێگری سەرکۆماری ڕێژیم لە لێدوانێکدا بۆ کاناڵی خبر دەڵێ: وڵاتێک کە ئەم هەموو سامانەی هەیە دەستی بۆ یارمەتی وەرگرتن لە وڵاتانی دیکە درێژ ناکاتەوە!!!! وەک بڵەی تا ئێستا خەڵکی ئێران لەو سامانەی کە جەهانگیری شانازی پێوە دەکات سوودمەند بوویێتن!! یان گەورە دیپلۆمات – ڕیاکاری کۆماری ئیسلامی لە سەدەی نوێ واتە جەواد زەریف ڕۆژی ١٢ی خاکەلیوە لە تویتێکدا دەیهەوێ هۆکاری نالێوەشاوەیی بەڕێوەبەرانی حکومەتەکەی و سیاسەتە هەڵە ژینگەییەکانیان بخاتە ئەستۆی ئامریکا و لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراویدا نووسیویەتی: سیاسەتی گوشاری لانیزۆری ترامپ کێشەی بۆ گەیاندنی یارمەتی بە لێقەوماوان درووست کردووە کەواتە ئەمە شەڕێکی ئابووریی نییە بەڵکوو ئەمە تێرۆریزمی ئابوورییە!

هەرچەند کە ئەم جۆرە لێدوانانە تا ڕادەیەک ئاساییە، کاتێک کە دەبینین عەلی خامنەیی سەرباری هاتنی تراژێدیای گیان لەدەستدانی خەڵک و خەسارە چەند سەد میلیاردییەکانی لێقەوماوان، ڕوو لە وەزیری بەناو بێهداشت و لە کۆبوونەوەی تاوتوێ کردنی دۆخی لافاولێدراوەکاندا دەڵێ: "بەدواداچوون بۆ پرسی زیادکردنی حەشیمەتمان بکەرەوە!؟ !؟"

..... بەدوای "با"ی وەشتا هەر ئەڕۆم
ئەو بەسەر هەموو کێڵگەیەکدا ڕێژنەیەک ئەڕێژێ و منیش بەسەر هەموو مەزرایەکدا گۆزەیەک شیعر ئەو لەسەر مەزاری هەموو شەهیدێک پەلکە گیایەک ئەڕوێنێ و منیش پەلکە شیعرێ.
من لەم سەفەری ساڵانەیەدا بە "با"ی وەشت ئەڵێم : ببوورە من چاوم لێیە نازانم تۆ؟! لەسەرو و ئێمەوە، "قاسملوو" بووە بە باڵندەیەکی سپی باڵ بەرین و ئەویش ساڵانە لەم "سی مارس"ەدا هەر ئەفڕێ بۆ ئەوێ. لەولایەوە "شەرەفکەندی" و پۆلێکی تر، ئەوانیش ڕوویان کردۆتە ئەوێ.
"با"ی وەشت ئەڵێ: ببوورە من لە پەلە پەلیدا چاویلکەکەم لە بیر چووبووە، سەفەرێ بۆ لای پێشەوا بێ ئەوان لە هەورێکی نەبار ئەچێ و ئەمجارەیان لەناو ئاسماندا شیعر ئەڕوێ و ئەمجارەیان لەسەر زەوی و هەر لە گۆڕەپانەکەی چل چرادا مانگیش هەڵدێ.
من هەر بە شوێن "با"ی وەشتەوەم
شەوە و لەپڕ هەردوو دائەگیرسێین
لەبەر شەوقی ئاگرەکەدا
پەروانەکانی هۆنراوەی "هەژار"، "هێمن"،
"سوارە"، چیرۆک چیرۆک نەورەسەکانی
"قزڵجی"، ڕستە ڕستە قاز و قوڵنگی
"زەبیحی" دەرئەکەون و هەموویان هەر
بەرەو ئەوێ بەرەو شارە سوورپۆشەکەی
"قازی" کەوتوونە ڕێ!

بەدوای "با"ی وەشتا هەر ئەڕۆم:
دەمێک ئەبم بە شیعری سەوزی وەفایی و
دەمێکی تر ئەبم بە ئەسپی باڵداری
ناو داستان و من هەر ئەڕۆم
ئەم تاریکییە درێژە!
ئەم دابڕانە درێژە!
وەلی من و "با"ی وەشتی بریندار
ناگەڕێینەوە هەتاکو هەڵاڵەیەک
لە شەقەقەکەی بەیانی
نەدەین لە گەردەنی قازی!

شێرکۆ بێکەس

«شەست ساڵ لە گوڵ و خوڵمەستی و سومبولێتی لە هەموو بووستە»
بەشێک لە بەرخشانەشیعری



لە ناو ساڵدا هەندێ ڕۆژ هەن
مێژووم شەرم دەکا بیانووسێتەوە
بەڵام هەرگیز بیر ناچنەوە،
وەک "سێزدەی گەلاوێژ"
کە تێیدا ڕەنگی مەرگ و ژیان گۆڕا
لەو ڕۆژەدا جەستە و ڕۆح و دڵی شنگال
لە سەر مێزی قومارخانەی حزبێک دۆڕا !
ڕۆژی وا هەن
چاوی مێژوو خوێنی شەرمی لێدەچۆڕێ !
چون روخساری پەرەکانی ڕەش و تەمە
لە ڕووی نایە چی بنووسێ بۆ هەڵەبجە،
بۆ "بیست و پێنجی ڕەشەمە"
لە ناو ساڵدا ڕۆژی وا هەن
مێژوو شەرم دەکا بیانووسێتەوە،
نازانێ چۆن وشە بکا بە ملوانکە
بیکاتە مل ئەو سەرانەی
ئابڕووی خەڵک و خاکیان بردم !
چونکە ڕۆژی "شانزەی ئۆکتۆبر"
نیوەی خاکی نیشتمانیان هەڕاج کردم !
بەڵام هەندێ ڕۆژیتر هەن،
پڕاوپڕن لە شانازی
پڕاوپڕ لە خەمی گشتین!
مێژووم هەرساڵ
بەسەربەرزی یادی گەشیان دەکاتەوە
باڵای باخی پیرۆزمەندی ئەو ڕۆژانە،
نەتەوەیەک میوەی خۆزگە و
نیشتمانێک خەمی سەربەرزی واپێوە
یەکەمیان "دووی ڕێبەندانە" و
دووەمیان "دەی خاکەلێوە"

ڕەحیم لوقمانی



لە داوەتی کچ و کوڕێکی پێشمەرگە
ئەنگووستیلەیەکیان هێنا بۆ قامکی زاوا
وتیان هانێ!
لە ئەنگووستی چکۆلەتی کە
زاوا وتی: نا، لە قامکی چکۆلەی ناکەم
دۆشاومژە بۆ کلکەوانە شیاوە
چونکە ئەم قامکە پیرۆزە
لەسەر زیتەی تفەنگەکەم
بە هەزاران داگیرکەری خاکی نیشتمانی ڕاو ناوە!
بووکیش وتی:
منیش تارای سەرم دەبێ
تان و پۆکەی چنراو لە کاڵای ڤیان بێ
دیواخەکەم
یادگاری قازی محەممەد
ئاڵای بەرزی
کوردستان بێ!

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No:747 4 April. 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ئاماری ساڵانەی

# ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەیی کوردپا لە ساڵی ١٩٧دا

## کوردپا: ١٧٩٠ حاڵەتی پێشێکاری مافی مرۆیی لە ساڵی ٩٧ی لە کوردستانی ئێراندا، ڕوویداوە

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە حەوتەمین ساڵی کاریی خۆیدا، لە ڕاپۆرتێکی شیکاری . ئاماریدا باسی لە سەر ڕێژە و چۆنیەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران کە تایبەت بە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوییە خستووەتە ڕوو و لێرەشدا دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان".

ئەم ڕاپۆرتە بەپشت بەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاو دەکرێتەوە و بەشێوەی ڕێژەیی و سەدی دەبێت.

بەپێی ئەم ئامارە، لە ساڵی ٩٧، کۆی گشتیی ١٧٩٠ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران ڕوویداوە و ئەم ئامارە لە ساڵەکانی ٩١،٩٢،٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٧ بەڕێزەوە ١٠٢٦، ١٥٥٠، ١٥٧٢، ١٣٥٥، ١٢٩٠و ٣١٦٦ حاڵەتی پێشێکاری مافی مرۆڤ بووە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەو ئامارانە بەڵگەمەندن و لە سەرچاوەی بەهێز و باوەڕپێکراوەوە وەرگیراوە.

دەسبەسەر کردن

لە ساڵی ٩٧ی هەتاوی، ٦٥٢ هاووڵاتیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەسبەسەرکراون و زۆربەی ئەم دەسبەسەر کراوانە بە تۆمەتی ناڕوون لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکان لە ڕوانگەی "ئەمنییەتیی_سیاسی" دەسبەسەر و سەرەڕای ئەوەش لە ڕەوتی نارەزایەتییەکان، ژمارەیەکی دیکەی خەڵک لە کوردستان دەسبەسەر کراون کە بەم چەشنەیە: دەسبەسەر کردنی ١٧ هاووڵاتی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆزی ساڵی ٩٧، ٥٣ هاووڵاتی لە ڕەوتی نارەزایەتی و مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، ١٧ کەس لە ڕەوتی مانگرتنی بازاڕیانی شاری بانە، ٤ کەس لە ڕەوتی مانگرتنی کامیۆنداران، ٥ کەس لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی تایبەتی "خێوەندوان"، ٨ کەس لە ڕەوتی پشتیوانی لە کەمپینی ڕامین حوسێنپەناهی، ٥٥ کەس لە کۆڵبەران، ١٠ کەس لە ڕەوتی نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە داخستنی سنوورەکانی کوردستان، ٥ کەس بە هۆی پاشماوەی زبڵ و خاشاک لە شاری مەریوان، ١٧ کەس بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە دەرهێنانی کان لە شاری ورمێ، ١٦ کەس لە ڕەوتی شەڕو تێکەڵجوونی هێزە نیزامییەکان لە کوردستانی ئێران و هەروەها ٣٣ کەسی دیکە بە شێوەی گرووپی بە هۆی ئەندامبوون لە گرووپە سەلەفییەکان، دەسبەسەر کراون.

هەروەها، چوار کەس لە ڕەوتی مانگرتنی مامۆستایان دەسبەسەر و ژمارەیەکی زۆر لە ماۆستایان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کراون. لە ماوەی ساڵی ٩٧، مانگرتنی مامۆستایان و فەرهەنگییان لە شارەکانی سەقز، مەریوان، سنە، کرماشان، پاوە، نۆدشە، سەوڵاوا، کامیاران، دیواندەرە، قورووە و ورمێ درێژەی هەبووە کە دەسبەسەر کردن، بانگهێشت و هەڕەشەی مامۆستایانی بەدواوە بووە.

دەوترێ، ئیدارەی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری سنە لە چەندین حاڵەتدا، هەوڵی دەسبەسەر کردنی بەربڵاوی ٢٤ کەس لە چالاکانی ژینگەپارێزی و ئەندامی شاخەی کوردستانی حیزب وەحدەت نەتەوەیی کردووە.

چالاکانی دەسبەسەرکراوەکان بریتین لە: ٩ خوێندکار، ٢١ چالاکی مەدەنی، ٥٦ کۆڵبەر، ١٢ کاسبکار، ١٠ بازاری، ١٤ چالاکی کرێکار، ٢٣ چالاکی ژینگەپارێزی، ٩ مامۆستا، ١ چالاکی ژنان، ٣ گۆرانیبێژ، ٣ چالاکی سیاسی، ١ لێکۆڵەر، ٢١ چالاکی مەزهەبی، ١ مامۆستا زانکۆ، ١ چالاکی تێلگرامی، ١ چالاکی کۆمەڵایەتی، ١ هاووڵاتی هەواڵنێر، ٢ شۆرای گوند، ١ هاووڵاتی بەهایی، ٤ ڕۆژنامەنووس، ٥ چالاکی فەرهەنگی، ١ وێنەگر، ١ کۆمەڵناس، ١ نەقاش، ا هاووڵاتی یارسانی، ٣ پارێزەر، ٢ پێشمەرگەی حیزبە کوردییەکان، ٢ بنەماڵەی چالاکی سیاسی، ٣ بنەماڵەی چالاکی مەدەنی، ١ بنەماڵەی چالاکی کرێکاری و ١ بنەماڵەی ڕۆژنامەنووس.

هەروەها، لە ساڵی ٩٧، ٧ چالاک بە تایبەتی : ١ هونەرمەند، ١ پارێزەر، ١ چالاکی سیاسی، ١ چالاکی میدیایی و نازدار حەقپەرەست، هاوژینی شەریف باجوەر، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانەوە، هەڕەشەیان لێکراوە.

بانگهێشت بۆ ئیدارەی ئیتلاعات:

لە ساڵی ٩٧، بە گشتیی ١٤٥ کەس بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کراون بە تۆمەتگەلێکی وەک : بەڕێوەچوون و بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی نەورۆز، بەڕێوەچوون و بەشداری لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکاران، پشتیوانی لە مانگرتنی سەرتاسەری کوردستان، مانگرتنی فەرهەنگییان بە گشتیی چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆیی بە تۆمەتی ئەمنییەتیی. (١٦ چالاکی مەدەنی، ١٩ مامۆستا، ١٤ چالاکی کرێکاری، ٢ ڕۆژنامەنووس، ٣ بەڕێوەبەری کاناڵی تێلگرامی، ا هونەرمەند، ٦ بنەماڵەی چالاکی سیاسی، ١ بنەماڵەی چالاکی کرێکاری، ٣ چالاکی فەرهەنگی، ١ چالاکی خوێندکاری، ٣٥ چالاکی ژینگەپارێزی، ٨ کەس لە ئەندامانی وەحدەتی میللی، ١ چالاکی ژنان، ١ یاریزانی تیمی ئیستقلال و ١چالاکی مەزهەبی بوون).

هەرەها لە کۆتاییەکانی ساڵی ٩٧، لە بەرەبەری ڕێوڕەسمی نەورۆزی ساڵی ٩٨، ٣٥ لاوی خەڵکی گوندی "نێ"ی مەریوان بە کۆمەڵ لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە بانگهێشت کرابوون.

بانگهێشت بۆ دادگا:

لە ماوەی ساڵی ٩٧، ٣٤ کەس لە هاووڵاتییانی کورد بانگهێشتی دادگاکانی حکوومەتی ئێران کراون، بە تۆمەتگەلی وەک؛ بەشداری لە ڕێوڕەسمی نەورۆز، بەشداری لە ڕۆژی جیهانی کرێکاران، تێکدانی بیروڕای گشتیی، هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی، پڕوپاگەندە دژی نیزام و ڕەخنە لە ڕێبەری نیزام، وتووێژ کردن لەگەڵ هەواڵدەرییەکانی دەرەوەی وڵات و پشتیوانی لە بازاڕیانی مانگرتووی شاری بانە.(٦ چالاکی مەدەنی، ٤ ڕۆژنامەنووس، ٣ پاریزەری دادگوستەری، ٩ چالاکی کرێکاری، ١ چالاکی تێلگرامی، ٢ مامۆستا، ١ چیرۆکنووس و ٤ چالاکی مەزهەبی).

مەحکووم بە زیندان:

بەپێی ئاماری تۆمار کراو لە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا: ١٥٣ هاووڵاتی بە گشتیی بە تۆمەتی سیاسی "ئەمنییەتیی"، لە لایەن دادگاکانی ئینقلابی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە، سەرجەم بە ٣٦٧ ساڵ و ١٠ مانگ و ١٨٨ ڕۆژ زیندانی تەعزیری، ٨ ساڵ زیندان تەعلیقی، ١٥٩٦ زەربە لێدانی قامچی، دووخرانەوە .... هەتا دوایی، مەحکووم کراون.

### ئێعدام لە کوردستان:

لە ساڵی ٩٧، ٥٥ هاووڵاتی لە کوردستان ئێعدام کراون و ١٠ هاووڵاتی دیکە بە ئێعدام مەحکووم کراون.

هەروەها لە ساڵی ٩٧، ٦ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی ڕامین حوسێنپەناهی، زانیار مورادی، لوقمان مورادی، کەماڵ ئەحمەدنژاد، ناسر عزیزی و ئەحەد شەباب، ئێعدام کراون و ٢ زیندانی سیاسی دیکە بە ناوەکانی ئەرسەلان خودکام و مەحیەدین ئیبراهیمی، بە ئێعدام مەحکووم کراون، کە حوکمی ئەم دوو زیندانییە سیاسیە کوردە، هەتا کاتی نادیار دواخراوە.

هەروەها، ٨ زیندانی سوننی مەزهەبی کورد بە تۆمەتی "ئەندامبوون لە گرووپی داعش و هێرش بۆ سەر بینای مەجلیس لە مانگی جۆزەردان"، ئێعدام کراون و هەروەها و زیندانییەکی سوننی مەزهەبی دیکە بە ناوی کامران شێخە نە ئێعدام مەحکووم کراوە.

زیندانییانی دیکە کە حوکمی لە سێدارەدانیان بە سەردا سەپاوە، بە تۆمەتگەلی "کوشتن بە ئەنقەست (٣٧) کەس، مادەی هۆشبەر(٤)کەس، گەندەی ئابووری (١)کەس.

هەروەها، ٧ زیندانی دیکە بە تۆمەتگەکێکی وەک: کوشتن (٤) کەس، زینا (٢)کەس، کەسێکی دیکە بە تۆمەتی هێرش بۆ سەر گۆڕی خومەینی و بینا مەجلیس بە ئێعدام مەحکووم کراون.

چوار کەس لەو ئامارە بە تایبەتی دوو کەس لە ئێعدام کراوەکان، ژن بوون بە ناوەکانی (زەینەب سکاوەند و شەرارە ئەلیاسی) و دوو ژنی دیکە کە بە ئێعدام مەحکووم کراون بە ناوەکانی (زەهرا دەرخشانی و گوڵستان جینکانلو)، بوون.

زەینەب سکاوەند لە کاتی دەسبەسەریدا، تەمەنی لە ژێرەوەی ١٨ ساڵ بووە و هەروەها یەکێکی هاووڵاتییەکی دیکە کە بە ئێعدام مەحکووم کراوە لە کاتی تاواندا، تەمەنی لە ژێرەوەی ١٨ ساڵ بووە.

### تەقینەوەی مین لە کوردستان:

لە ساڵی ٩٧، لە کۆی ٥٤ هاووڵاتی کورد کە بە هۆی تەقینەوەی مین کوژرا و بریندار بوون، تەمەن دوو کەس لە قوربانیانی مین، لە ژێرەوەی ١٨ ساڵ بووە.

هەروەها، سێ سەرباز بە تەقینەوەی مین لە کوردستان کوژرا و بریندار بوون و لە کۆی ئەو ٥٤ کەس، چوار ژنیش لە نێو کوژرا و برینداربووان، بەرچاو دەکەوێت.

### مانگرتنی زیندانییانی سیاسی و عەقیدەتی:

لە ساڵی ٩٧، ٢٣ زیندانی_١٨ زیندانی سیاسیی و ٥ زیندانی عەقیدەتی بە هۆی هەڵسووکەوتی نەشیاوی بەرپرسانی زیندان، دۆخی خرابی جیسمانی و پێرانەگێشتنی پزیشکی لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە و دۆسیەسازی بۆ زیندانییان، دەستیان بە مانگرتن کردووە.

هەروەها، ٧١ زیندانی سیاسی_عەقیدەتی، بە شێوەی گرووپی لە زیندانی ورمێ، بە هۆی لێدان و ئازار و ئەشکەنجەوە، لە لایەن مەئموورانی زیندان، دەستیان بە مانگرتن کردووە.

### ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

٥٧٩ کەسی دەسبەسەر کراوە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، چارەنوسیان ناڕوونە و هەروەها شوێنی ڕاگیرانی ٥٣٢ کەسیان نادیارە.

هەروەها ماڵی ١٣٨ هاووڵاتی کورد لە کاتی دەسبەسەریدا، لە لایەن مەئموورانی قەزاییە و ئەمنییەتییەوە پێشکێنراون و کەرەستەی شەخسی ٤٠ هاووڵاتی دەسبەسەکراو، دەستی بە سەردا گیراوە و هەروەها ٢٦ کەسی دیکە لە کاتی دەسبەریدا، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە ئازار و ئەشکەنجە دراون.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

لە ساڵی ٩٧، ١٧٧ کۆڵبەری بە تەقەی هێزە نیزامییەکان، کوژرا و برینداربوون. ٢٥ کۆڵبەری کورد بە تەقینەوە مین بووتە قوربانی، ڕادوونانی هێزە نیزامییەکان ٢٢ کۆڵبەر، سەرمابردوو ١٤کۆڵبەر، جەڵتەی دڵ ٤ کۆڵبەر، لێدانی کۆڵبەرانی لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتییەوە ٢ کۆڵبەر، کەوتنە ناو ڕووبار لە کاتی کۆڵبەری ٣ کۆڵبەر، داکەوتنی بار بە سەر کۆڵبەران ١ کۆڵبەر، بێسەروشوێن بوون ٣ کۆڵبەر و کوژران و برینداربوون بە هاتوچۆ ماشین ١٤ کۆڵبەر، کە سەرجەم ٢٦٥ کۆڵبەری کورد، لە ساڵی ڕابردوو، بوونەتە قوربانی.

ئەم ئامارە بە پشتبەستن بەئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

کوژران و برینداربوونی هاووڵاتییانی مەدەنیی بە تەقەی هێزە نیزامییەکان:

لە ساڵی ٩٧، ٣٠ هاووڵاتی مەدەنیی لە جادەکانی کوردستان بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاغ لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە، دراونەتە بەردەسڕێژی گوللە ولە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، ١٢ کوژراو و١٨ برینداری لێکەوتووەتەوە.

هەروەها، ١٤هاووڵاتی کورد لە شوێنە جیاجیاکاندا، بوونەتە تەقەی هێزە نیزامییەکان، بە تایبەتی ٧ هاووڵاتی، ٤ کوژرا و ٣ بریندار لە ناوچە سنوورییەکان، لە کاتی کۆکردنەوەی گیای بەهاری و هەروەها هاووڵاتییەک بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە ناو شارە دا، کوژرا و تەقەکردن لە هاووڵاتییان بە هۆی دەمەقاڵێ ١ کوژرا و ٢ برینداری لێکەوتووەتەوە و هەروەها لە کاتی دەسبەسەریدا، هاووڵاتییەک بە تەقەی هێزە نیزامییەکان، بریندار ببوو.

لە ساڵی ٩٧، چوار چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری مەریوان بە ناوەکانی شەریف باجوەر، ئومید کۆنەپووشی، ڕەحمەت حکیمینیا و محەممەد پەژوهی" لە کاتی ئاگرکوژراندنەوەی دارستانەکانی زاگرۆس بە شێوەی گومانئاوی گیانی لە دەست دا.

لە هەمان ساڵدا، ٧٣ چالاکی مەدەنیی و ئەندامی حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران لە ناو و دەرەوەی ئێران لە لایەن هێزە نیزامییەکان، دەستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی و مووشکباران و تۆپباران و شەڕ و تێکەڵچوون لەگەڵ هێزە چالاکانی مەدەنیی و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان گیانیان لە دەسداوە و یان بریندار بوون.